# شیکردنەوەی دەقە شیعرییەکانی گۆران
# لە روانگەی دەروونناسییەوە

پ.ی.د.دڵشاد عەلی محەمەد/ سکوڵی زمان/ زانکۆی سلێمانی
م.د.سامان عزالدین سعدون/سکوڵی پەروەردە/زانکۆی سلێمانی

پێشەکی

ئاشکرایە کە تائێستا لێکۆڵینەوە رەخنەییەکانی ئەدەبی کوردی بەگشتیو لەرووی پراکتیکییەوە بە تایبەتی ، دوورەو پەرێز لە رێبازێکی گرنگی رەخنەیی وەك رێبازی دەروونییەوە خۆی هێشتوەتەوە ، ئەمە لەکاتێکدا ، نەك هەر بۆ شیکردنەوەی رۆمانو چیرۆکی کوردی بایەخی خۆی هەیە، بەڵکو بۆ شیعری کوردیشمان گرنگی تایبەتی هەیە ، بەو پێیەی زۆربەی دەقی شیعریمان دەقی لیریکیو چڕوکردووی تاقیکردنەوە خودییەکانی شاعیرن .

هەر لە روانگەی ئەو راستییەشەوە ، ئەم لێکۆڵینەوەیەمان * ئامادەکردووە ، تا لە لایەك دەروازەیەکی زانستانە بۆ کار پێ کردن بەو رێبازە لە بەردەم رەخنەی کوردیدا بکەینەوە، لە لایەکی تریشەوە هەر لە روانگەی ئەو رێبازەوە ئاور لە دەنگێکی دیاری ناو جیهانی شیعری نوێی کوردی کە (گۆران) ە بدەینەوەو هەوڵی دۆزینەوەو دیاریکردی ئەو بنەما دەروونیان بدەین کە بوونەتە هەوێنی لە دایك بوونی دەقە شیعرییەکانی . بۆیە لێرەدا لەڕوانگەیەکی سایکۆلۆژیانەوەو بەپێی (ڕێبازی دەروونناسی) بەگشتیو (ڕێبازی شیکاری دەروونی) بەتایبەتی لە جیهانی شیعری (گۆران) دەروانینو روو لە هەردوو بنەمای (حەزی سێکسی)و(نێرگسیەت)دەکەین کە بەلامانەوە رەنگرێژکەری کۆمەڵێ لە دەقەشیعرییەکانی (گۆران)بوون.

پلانی لێکۆڵینەوەکەش لە سەرەتایەكو دوو بەش و ئەنجام پێك هاتووە :

لە (سەرەتا) دا ، ئاوڕمان لە چەمکی ئەو دوو بنەمایە لای رابەرانی رێبازی شیکاری دەروونی بە گشتیو لای (فرۆید) بەتایبەتی داوەتەوە و بەپێی چەمکەکانیان لە دەقەکانی گۆرانمان ڕوانیوە .

لە بەشی یەکەمدا ، روومان لە (بنەماکانی حەزی سێکسی لای گۆران ) کردووەو هەندێ لە دەقەکانی (گۆران) مان شیکردووەتەوە، بەو ئامانجەی تۆوی لە دایك بوونەکانیان کە (حەزی سێکسی) بوون ، دیاری بکەین .

بەشی دووەمیشمان تەرخان کردووە بۆ (دیاردەی نێرگسیەت لای گۆران ) و ڕوومان لەو دەقانەی کردووە کە ڕەنگ پێدەرەوەی نەرگسیەتی (گۆران)ن وەك هونەرمەندێك .

سەرەتا:

وەك ئاشكرایە دەروونناسی ((بریتییە لە لێکۆڵینەوەو زانینی دەروونی مرۆڤ)) (١) ، بەوپێیەی دەروون مەڵبەندی هۆش و هەستو ژیریو یادگارییەکانو کانگای پاڵنەرو بیرۆکەکانی مروڤە . ئەم بایەخدانەی دەروونناسیش بە رەفتارو چالاکییەکانی مرۆڤ راستەوخۆ بەرەوجیهانی ئەدەبوهونەری کردووەتەوە تا پەردە لەسەر نهێنییە شاراوەکانی ئەو جیهانە هەڵماڵێ ،دیارترین دەرووناسیش لەو بواری رووکردنە جیهانی هونەرو ئەدەبەدا ، (فرۆید)بوو کە ((ڕاستەوخۆ لە بواری پزیشکییەوە چووە ناو سایکۆلۆژیەتی مرۆڤەوەو قوتابخانەی شیکردنەوەی دەروونی وەك قوتابخانەیەکی زانستی لە سایکۆلۆژیای نوێدا چەسپاند، هەر خۆشی دەرگای لێکۆڵینەوەی رەخنەیی لە ئەدەبدا لەژێر تیشکی ئەم قوتابخانەیەدا خستە سەرپشت)) (٢) .

بنەمایەك لەو بنەمایانەی کە (فرۆید) کاری لەسەر دەکرد، ئەوەبوو کە بەلایەوە : (( کەسێتی مرۆڤ وەك تەرازوویەك وایە لەسەر دوو (تا) پێکهاتووە، یەکێکیان هەموو ئارەزووەکانی مرۆڤ کە بۆ چاکەکردن تیا کۆکراوەتەوە، وەك ئارەزووی خواردنو خواردنەوەو خۆشەویستی و سێکس، بەمەیانی ئەوت (ئیرۆس)) (٣) ، ((شێوەی ئەو وزە دەروونییەش کە غەریزەکانی ژیان بۆ راپەڕاندنی کارەکانیان بەکاری دەهێنن (فرۆید) بە لیبدۆ Libido ناویان دەبات. کاتێك ئەم رەمەکە بواری تێربوونی بۆ ناڕەخسێت، ئەوا لە نائاگاییدا کۆدەبێتەوەو بەشێوە جۆرەبەجۆرەکان گوزارشت لە خۆی دەکات، وەك داهێنان یان کاری هونەریو بەرهەمی ئەدەبی، بۆیە ئەم وزەیە لێپرسراوە لە هەمو داهێنانێکی ئەدەبیو هونەری)) (٤)

ئەم چەشنە روانینە بۆ کەسێتی مروڤ ، دەروون شیکارەکانی بەرەو ئەو تێروانینە برد کە: (( سێکس رۆڵێکی زۆر باڵا لەهەموو هەڵسوکەوتو رەفتارێکی مرۆڤدا دەبینێتو سێکس وەك مەسەلەیەکی شاراوە، یا ئاشکرا کەم یا زۆر لە ژیانو گیانی مرۆڤدا بنج دادەکوتێ و خۆی لە گەلێك لایەنی تردا دەردەخات))(٥) کە بەرهەمی ئەدەبیو هونەری بۆخۆیان ئەو کێڵگە لە بارەن بۆ تۆو کردنی (حەزی سێکسی) داهێنەرەکانیان تێایدا، هەر لێرەشەوە ئەو دەرگایە لە بەردەم لێکۆڵینەوە رەخنەیییەکاندا کرایەوە تا هەوڵی دۆزینەوەی ئەو تۆوانەی (حەزی سێکسی) بدەن کە لە دەقە ئەدەبییەکاندا چێنراون. لێرەشدا گریمانەی سەرەکی ڕەخنەی شیکاری دەروونی، نەستە، کە ئەگەر توانرا پەی بی ببرێت ، ئەوا سەرکەوتوو دەبین لە پراکتیزەکردنی رێبازی دەروونیدا، چونکە دەبێتە هۆکارێك بۆ دۆزینەوەی بنەماکانی سەرچاوەی داهێنان لای داهێنەران لەلایەكو هەروەها زانینیو ناساندنی کەسێتی داهێنەر لەلایەکی ترەوە، پاشان ڕێنیشاندەریشمان دەبێ بۆ شیکردنەوەی داهێنراوەکە ، کەواتە دەق بۆخۆی بەڵگەنامەیەکی دەروونییە بۆ زانینو ناسینی پێکهاتەی سایکۆلۆژی کەسێتی شاعیریش ، هەر ((بۆ ئەم مەبەستە (فرۆید) هەوڵێکی زۆری دا بۆ ڕوونکردنەوەی ژیانی نووسەرانو گەڕان بەدوای وردەکارییەکانیان لەپێناو رەنگدانەوە لە بەرهەمەکانیانداو شیکردنەوەی ئەم رەمزانە، کە لە دووتوێی بەرهەمەکانیاندا بەکاریان هێناوە. لەم ڕووەوەش شیکردنەوەی بەرهەمەکانی سۆفۆکلیسو داڤینشیو شکسپیرو

دیستۆیڤسکی..ئەنجامدا)) (٦) هەر لێرەوە، ئێمەش لە بەشی یەکەمدا ، لەهەمان روانگەوە لە دەقەشیعرییەکانی (گۆران) دەروانین و هەوڵی دۆزینەوەی ئەو تۆوی حەزە سێکسیانە دەدەین کە لە دەقەکاندا چێنراون

هەرچی دەربارەی (نێرگسیەت)یشە ئەوا هەر ((فرۆید خۆی لە ساڵی ١٩١٤ و لە وتارێکیدا کە بە ناونیشانی(سەرەتایەك لە نەرگسیەت) بوو، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە نێرگسیەت گوزارشت لە قۆناغێکی گەشەی مرۆڤ دەکات. کە لە ساڵانی یەکەمی تەمەنی منداڵیدا بە چڕو بە خەستی جەخت دەکاتە سەر خۆی. دوای قۆناغێکی دواتر ڕوو لە کەسانی دەوروبەر دەکات )) (٧). واتە مرۆڤ لە سەرەتای ژیانیدا بە خود خۆشویستنی خۆی دەست پێدەکاتو پاشتر بە خۆشەویستی کەسانی تر. بە گشتیو بە لای(فرۆید)ەوە : (( ١- نێرگسیەت قۆناغێکی گواستنەوەیە لە خۆشویستنی خود کە زیادەڕۆیی تێدایە.

٢-کەسی نێرگسی لەگەڵ کەسانی تردا ئاوێتە دەبێ و تێکەڵیان دەبێ.

٣-نەرگسیەت بە یەکێ لە قۆناغەکانی گەشەی تاك دادەنرێ کە تاك پێیدا تێدەپەڕێ.

٤-کەسێتی نێرگسی هەست بە شکۆمەندی دەکات، واتە هەست دەکات کەسێکی ئاسایی نییەو خۆی زۆر خۆش دەوێ، لە وێنەی ئەو دەگمەنە، بەواتایەکی تر پێی وایە کەسێکی تر لە شێوەی ئەو بوونی نییە، کەسی نەرگسی چاوەڕوانی ڕێزێکی تایبەتی بۆ کەسێتیەکەیو بیروڕاکانی دەکات لە کەسانی ترەوە.)) (٨)

قوتابخانەی شیکاری دەروونی نەرگسیەت وەها وەسف دەکات کە ئاماژەیەکی گرنگە بۆ بڕوابوون بە خۆیو ئامادەکردنی خودو ڕێزگرتنی. بەرزترین ئاستی نەرگسی لە قۆناغی هەرزەکاریدا دەردەکەوێ، لە گرنگترین دیاردەکانی لەلایەن کوڕی هەرزەکارەوە، زۆر بەکارهێنانی ناوی (ژن)و بەکارهێنانی وشەی (من)ە، بەڵام دیاردەکانی لای شاعیران زیاتر لەو دەربڕینانەدایە کە ئاماژەن بۆ باسکردنو شانازی کردن بە شیعرەکانیانەوە. خەسڵەتێکی تری نەرگسی ئەوەیە کە زۆر هەستیارە بەرامبەر کەسانی تر، نەرگسیەکان پێیانوایە تەنها بیروڕاو تێڕوانینەکانی ئەوان ڕاستو دروستەو بیروڕاو تێڕوانینی کەسانی تر تەنها قسەی بێ ماناو بێ ناوەڕۆکەو دوورە لەڕاستییەوە (٩)

هەرچی سیماکانی کەسێتی نێرگسیشە ئەوا بریتین لە:

١- ڕۆچوون بە قووڵایی ناخی خۆیدا بە ئەندازەیەکی زۆر.

٢- بێدەنگیەکی زۆر لە خۆکردوو یاخود دروستکراو.

٣- هەستکردن بە گەورەیی لەگەڵ هەستکردنێکی لە ڕادەبەدەر بە کەمی.

٤- حەزکردنێکی بە پەرۆش بۆ بەدەستهێنانی بەناوبانگی.

٥- هەستکردن بە بێزاریو تەنگی و بۆشایی.

گومانی تیدا نییە کە دیاردەی (نەرگسی یەکێکە لە سیماکانی کەسێتی لای هەموو تاکێك بوونی هەیە، بەڵام بە پلەو ڕێژەی جیاواز. ئەم خەسڵەتە لای هەندێ مرۆڤ ئاشکراو دیارە، کە هەر

له یەكەم دیداردا بۆت دەردەكەوێ كە ئەو كەسێكی نەرگسییە. مرۆڤیش هەیە ئەم سیمایەی بە پلەیەكی كەمتر لادەردەكەوێ، بەم پێیە جیاوازی لەنێوان كەسەكاندا لە بوونی ئەم خەسڵەتەدا لە پلەو ئاستەكەیدایە) (١٠) دیارە ئەو راستیەش نابی فەراموش كری كە ((نەرگسیەت لە سنوری ئاسایی دیاریكراویدا پەسەندەو كەسێتی و خود لە تێكشكان و ونبوون دەپارێزێ))(١١) . لە بواری داهینانیشدا (نەرگسیەتی هونەرمەند نەرگسیەتێكە بە كاری هونەری قەرەبووی دەكاتەوە خواست شتێكەو توانای بەدیهێنانی شتێكی ترە، بەم پێیە خواستی نەرگسیەت شتێكەو توانای قەرەبووكردنەوەی لەرێگای هونەرەوە شتێكی ترە نەرگسیەتی سەركردەو هونەرمەند لەو رووەوە بۆ بەدەستهێنانی جەماوەر وەك یەكن، بەڵام لەوە لەیەك جیادەبنەوە كە سەركردە بۆ مەرامێكی كەسی سۆزی جەماوەر دەوروژێنێ هەرچی نەرگسیەتی هونەرمەندە كاری هونەری پێ دادەهێنێ، هونەرمەند سەركردەی خەڵكە لە رێگای بەرهەمەكانیەوە نەك لە رێگای كەسێتییە تایبەتییەكەیەوە. شاعیر دەیەوێ سۆزی خەڵك بەلای خۆیدا راكێشێ وەك داهێنەر نەك وەك كەس. هەربۆیە دەیەوێ سۆزی جەماوەر سۆزێكی قوڵوراستەقینە بێ)(١٢)

هەر لەم بوارەدا ، یەكێ لە گریمانەكانی تری رێبازی دەروونی لای (ئەدلەر)، ئەوەیە كە (( مرۆڤ بوونەوەرێكی ناتەواوە یان لە رووی جەستەیی، یاخود لە رووی كۆمەڵایەتییەوە، بۆئەوەی ئەو كەمییەش پڕبكاتەوە پەنادەباتە بەر میكانیزمی قەرەبووكردنەوە بۆ بەدەستهێنانی هاوسەنگی دەروونی. نێرگسیەت وەكو میكانیزمێكی قەرەبووكردنەوە وایە بۆ لەكیس چوونی سۆزی دایكایەتی و پەراوێزخستنی كۆمەڵایەتی .... هتد )) (١٣) .

هەر لێرەوە ، ئێمەش لە بەشی دووەمی لێكۆڵینەوەكەداو بە پێی ئەو تێروانینانە هەوڵی دیاری كردنی دیاردەی (نێرگسیەت) لە دەقەكانی ( گۆران ) دا دەدەین .

## بەشی یەكەم : بنەماكانی حەزی سێكسی لای گۆران:

هەروەك (فروید) ئاماژەی پی كردووە حەزی سیكسی ، هەروەك چۆن خەمڵینراوی ژیانی كەسیی تاكە ، هەر بەوجۆرەش ڕۆڵی گرنگ دەبینی لە ژیانی تاكەكەسداو لە ڕەفتارو هەڵسوكەوت و چالاكییەكانیداو ئاڵۆشی سێكسی یاخود ئەوەی بە (لبیدۆ) ناودەبرێ بزوێنەری سەرەكی چالاكیەكانی كەسێتی مرۆڤە وئاڕاستەكەریشیەتی(١٤) .

بۆ(گۆران)یش حەزە سیكسییەكەی ئاكامی كۆمەڵە شكستێكی دەروونی بووە كە هەر لە سەردەمی لاویتیەكەی و هەرزەكایەكەیدا رووبەروویان بووبووەوە ، ((لەوانە مردنی باوكی و كوژرانی برا گەورەكەی و ئامادە نەبوونی كەسێك تا ئەو بۆشاییە رۆحی و خۆشەویستی و سۆزدارییەی لاویتی بۆ پڕبكاتەوە )) (١٥) . پێش ئەوەی ژنی یەكەمیش بهێنێ حەزی لە كچێك كردووە ، بەڵام بۆی نەبووەو كاریگەری دەروونی لەسەر جێ جێیهیشتووە ، هەروەها ڕووكردنە ئەم لایەنە لە شیعری ئیرۆتیكیدا پەیوەندیەكی بەو لایەنەی ژیانی گۆرانەوە هەیە كە (( یەكەم هاوسەری ژیانی بەدڵی خۆی نەبووە، كە نە لە رووی جەستەیی و لەش ولارو نە لە رووی سۆزو

خۆشەویستییەوە نەبۆتە مایەی چێژبەخشین‌و دامرکاندنەوەی حەزو خۆشەویستی گۆران بۆ ژن )) (١٦) هەروەك لە هەندێ لە شیعرەکانیدا بە ناراستەوخۆ ئەو هەستەی گۆران دەخوێندرێتەوە، جگەلەوەش ((هێنانی ژنی دووەم بە حەزی خۆی سەلمێنەری ئەو راستییەیە.))(١٧)

خەفەکردن وەکو میکانیزمێکی دەروونی ، رێگر دەبێ لەبەر دەم سەرخستنی حەزو ئارەزووەکان بۆ ئاستی هەستی‌و هەر لە (نەست)دا کپیان دەکاتەوە. (ئەو) کە نوێنەری غەریزەکانە هەوڵ دەدات کە ئەوانەی لە نەستدایە بیخاتە سەر ئاستی هەست تا لەسەر ئەرزی واقیع بێنەدی. بەڵام (منی باڵا) کە نوێنەری داب‌و نەریتی رۆحی‌و کۆمەڵایەتی‌و رەوشتە لەبەرامبەر (ئەو) رادەوەستێ کە نەیەنە سەرەوە. ئەم دۆخە لە رەفتاری مرۆڤدا دەبێتە هۆی ململانێ لەنێوان (ئەو) و (منی باڵا) لە ئاکامدا وا لە (من) دەکات کە زۆرێك لە رەفتارەکانی خەفە بکات (١٨).. ئەو خەفەکردنە لەلایەك دەبێتە سەرچاوە بۆ لەدایکبوونی چەندین دەقی شیعری داهێنەرانەو لەلایەکی تریشەوە دەبێتە هۆی دڵەراوکێ و نیگەرانی. کەواتە ململانێی نێوان (ئەو) و (منی باڵا) لە رەفتاری مرۆڤدا دەبێتە هۆی ئەوەی لە ئاکامدا زۆرێك لە رەفتارەکانمان خەفە بکەینەوە (١٩) . بەم پێیە ململانێی نێوان (ئەو) و (منی باڵا) خەفەکردنی لێ دەکەوێتەوە ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دڵەراوکێ. خەفەکردن سەرەکیترین دیاردەی دەروونییە کە شیکاری دەروونی جەختی لەسەر دەکاتەوە چەخماخەی هەڵچوونە بۆ (ئەو) یاخود (من) یان (منی باڵا) کە دڵەراوکێ دروست دەکات.

خەفەکردن دەبێتە هۆی بەرپاکردنی فشاری هەڵچوون ئەویش لە رێگای ململانێی نێوان (ئەو) و (من) و (منی باڵا) ەوە . گۆران هەر لە قۆناغی سەرەتای منداڵییەوە، تا دواساتەکانی ژیانی زۆرێك لە حەزو خواستەکانی خەفەکردووە، هەمیشە لەناو ململانێیەکی دەروونی نێوان ئەو(( سێ ئاستەی کەسێتی کە فرۆید دیاریکردووە )) (٢٠) ژیاوە . (ئەو) کە نوێنەری حەزە خەفەکراوەکانە وروژم بۆ (من)ی گۆران دەهێنێ بۆئەوەی تێریان بکات، بەڵام (منی باڵا) کە نوێنەری یاساو داب‌و نەریتە کۆمەڵایەتی‌و ئاینییەکانە رێگری دەکات‌و (من)ی گۆران لەنێوان بەرداشی (ئەو) و (منی باڵا) دەستەوەستان رادەوەستێ‌و تووشی هەڵچوونی دەروونی‌و دڵەراوکێ دەبێتەوەو بە چەندین میکانیزمی دەروونی هەوڵی بەرگریکردن لە (من) دەکات تا ئارامی بۆ (خود) بگەڕێتەوە.

(( باڵابوون کە یەکێکە لە میکانیزمە دەروونییە بەرگرییەکان )) (٢١) بە شێوازێکی بەربڵاو گۆران ڕووی تێ دەکات چونکە لە پانتایی جیهانە شیعرییەکەیدا لایەنێکی دەوڵەمەندەو چەندین دەقی شیعری داهێنەرانە بەرجەستەی ئەو راستییە دەکەن، کە لە ئاکامی خەفەکردنەوە سەریان هەڵداوە، چونکە خەفەکردن لای گۆران بە چەشنێکی زۆر بوونی هەیەو (منی باڵا)ش رەقیبێکی بێ رەحمە، هەربۆیە ئەو خەفەکردنە دەبێتە سەرچاوە بۆ لەدایکبوونی چەندین دەقی شیعری داهێنەرانە کە هەم بەلای کۆمەڵگاوە رێگە پێدراوەو هەمیش ئارامی‌و ئاسوودەیی دەروونی گەر بۆ ساتێکیش بێ بۆ ناخی گۆران دەگەڕێنێتەوە.

لە هەچ باخێك گوڵێکی سوورم دیبێ
بۆی چووم هەزار دڕك لە پێم چەقیبێ! (٢٢)

له پانتایی جیهانە شیعرییەکەی گۆڕاندا سەدان وێنەی داهێنەرانە بەرچاو دەکەون کە ئاماژەن بۆ جیهانی
نەستی و بە میکانیزمی بالاّبوون لە دەقی داهێنەرانەدا دەربڕیون. ئاشکرایە گۆران جوان پەرست بووەو
هەمیشە عەشقی جوانی و بەژن و بالاّی ژنان بووە، بەلاّم ئەم حەزەی خەفەکردووەو لەبەر چاودێری (منی بالا) نەیتوانیوە بە ئاشکرا باس لەو حەزەی خۆی بکات وبەناچاری لە شێوەی رەمزدا کە بۆخۆی بالاّبوونی گۆران دەسەلمێنێ ئەو حەزە خەفەکراوەی بەوجۆرە دەربڕیوە. ئەو ئاماژانەو دەلالەتانەی هەست و نەستی شاعیر کە رەنگپێدەرەوەی غەریزەی سێکسین لە پانتایی جیهانە شیعرییەکەیدا بەتایبەتیش لە شیعرە ئیرۆتیکییەکانی ڕەنگی داوەتەوە.
شیعری ئیرۆتیك: ئەو شیعرەی پێوەندی بە خۆشەویستییەوە هەیە. لە شێوەی ئیستاتیکای هێزی راکێشان بۆ خەیاڵ. واتای ئەوەش دەگەیەنێت. نواندنی وێنەی ڕووت و پێوەندی لاشەیی نێرومێ. لای گۆران پانتایی شیعری ئیرۆتیك بەرفراوانترین ڕووبەری بۆخۆی داگیرکردووە، ئەو لەسەر جوانی و خۆشەویستی و سروشتیشی نووسیبێت، نەیتوانیوە لەناو تەمومژی ڕەوانبێژی وشەی ئاراییدا ئاراستەی تینویەتی بشارێتەوە . (٢٣)

گۆران قۆناغی ژیانی منداڵی و هەرزەکاری لەناو دەرباری پاشاکانی جافدا بەسەربردووە، هەرزەکارێکی چاونەترس بێ گوێدانە داب ونەریتی کۆمەلاّیەتی حەزی خۆی بۆ کچان ڕاستەوخۆو بێ شەرم و بێ پەردە دەربڕیوە.
هۆکارە نەستیەکان لە ژیانی لاوێتی گۆراندا بنەماو پاڵنەری سەرەکین بۆ ڕووکردنە ئافرەت. ئەم لایەنانەی سەرەتای ژیانی بۆ خۆیان بوونەتە بنەمای چنینی دەقە شیعرییەکانی گۆران، کە لە هەندێ لە شیعرەکانیدا بەرەو شیعری ئیرۆتیکی و سێکسی ڕۆیشتووە. ئەم حەزەی بۆ ئافرەت ڕەگێکی قوڵ لە نەستیدا دادەکوتێ کە هەروا بە ئاسانی بیرناچێتەوە، بۆیە بەدرێژایی تەمەنی و لە پانتایی تاقیکردنەوە شیعرییەکانیدا ڕەنگیانداوەتەوە. ئەگەر فرۆیدیانە لەو ((نامە شیعرییەی گۆران بڕوانین کە لە کەرکوکەوە بۆ دایکی نووسیوە)) (٢٤ ) ئەو راستیە ئاشکرا دەبێ کە یەکێ لەو دەلالەتانەی ئەو نامە شیعرییە لە خۆیدا هەڵیگرتووە نەبوونی خۆشەویستی ڕەگەزی مێیە بەرامبەر بە گۆران.

بەپێی ئەوەی لە ژیاننامەکەیدا هاتووە هەستکردنی بە نەبوونی خۆشەویستی ئافرەت زۆر ئازاری داوە، بەم پێیە ((نەبوونی خۆشەویستی ئافرەت لای گۆران دەبێتە گەڕان بەدوای پانتاییەك بۆ مسۆگەرکردنی ویستە جەستەییەکانی کە ئەویش لە ونبوونی جەستەی ئافرەتدا بەرجەستە دەبێ. گۆران ژنی یەکەمی بە نابەدڵی و بێ خۆشەویستی دەهێنێ، کە لەڕووی جوانییەوە بەدڵی گۆران نەبووە. واتە وەکو لاشە نەیتوانیوە ببێتە پانتاییەك کە سنووری دسپلین کردن بشکێنێ و گۆران لە شێوەیەکی سروشتیداو بێ هیچ کۆت و پێوەندێکی رۆحی و جەستەیی بەو لاشەیە بگات و هەستی پێ بکات و بیدوێنێ کە ئەم نەگەیشتنەو تێرنەبوونە لە حەزی سێکسی لە شیعرەکانی دواتری گۆراندا رەنگ دەداتەوە، دەیان دەلالەتی چەپاندن و سەرکوتکردنی ئارەزووی سێکسی لە

شیعرەکانیدا دەدۆزرێتەوە)).(٢٥)

(تائێستا گۆران بە شاعیری جوانی سروشت و ئافرەت ناسراوە. واتە سروشتو ئافرەت لای بوونەتە دوو دیوی یەك مەبەست کە جوانییە، بەڵام وەك لێکۆڵەرانیش پێشتر ئاماژەیان بەو راستییە داوە کە جوانی سروشت بێ جوانی ئافرەت ئەو بەهایەی نامێنێتو ئەو چێژە نابەخشێ کە ئافرەتو جوانییەکانی دەیبەخشێ، بۆیە ئێمە لێرەدا ئەو پرسیارە دەوروژێنین کە چی وای لە گۆران کردووە ڕووبکاتە ئەو دوو جوانییە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە پشت بە بنەماکانی شیکاری دەروونیو چەمکی دەروونناسی ببەستین لەو ڕوانگەیەوە بە بۆچوونی ئێمە پاڵنەرێکی لاشعوری لە کاردا بووە بۆ ئەو گەڕانەی گۆران بەدوای جوانیدا، جۆرێك بووە لە قەرەبووکردنەوە بۆ لایەنی سێکسی، تەنانەت ئێمە وای بۆ دەچین کە تێرکردنی حەزی سێکسی لە ژیانی خێزانداریەکەیدا بەدی نەهاتووە، بۆیە هەوڵی داوە بە جوانی سروشتو بە جوانی ئافرەت حەزە سێکسیەکەی تێربکات. هەر ئەو حەزەش ئەو وێنە جوانانەی پێ بەرهەم دەهێنا کە لەو دەقانەیدا بوون کە بۆ سروشتو جوانی ئافرەت گوتراون کاتێك کە بیروباوەڕی سیاسیو ئایدۆلۆژیەکە بوو بە ڕێگر لەبەردەم ئەو بەرهەمانەدا کە وەك وتمان قەرەبووی سێکسی پێ دەدانەوە وێنەکانیش سیماو شەبەنگی جوانیان ونکردو بوونە کەرەسەیەکی رووتی بیروباوەڕ دەربڕین دوور لە سۆزو عاتیفە. هەر ئەمەش وای لێ کرد کە هەوڵ بدات لە سروشتەوە بگوێزێتەوە بۆ شاری سلێمانی چونکە شار زیاتر لە بینینی هەندێ جەستەی ئافرەتی نزیکی خستۆتەوە، سەرباری ئەوەی کە کەشێکی ڕۆشنبیری بووە بە بەراوورد لەگەڵ هەڵەبجە ).(٢٦ )

حەزی سێکسی لای گۆران هەر لە منداڵییەوە پاڵنەرێکی بەهێزبووە بۆ جوڵاندنو ئاراستەکردنی ڕەفتارو هەڵسوکەوتەکانی ژیانی ڕۆژانەی، ئەم حەزە لە نەستیدا هەر بە خەفەکراوی ماوەتەوە، چونکە نەیتوانیوە بە خواستو حەزی خۆی تێریان بکات. ڕووکردنە ژن بۆخۆی هەر لەو هەستو سۆزە دەروونییە سەرچاوەی گرتووە کە گۆران حەزی بۆ ئافرەت لە چەندین وێنەی ئیرۆتیکی شیعریدا رەنگی داوەتەوە، ئەمەش بە میکانیزمی باڵابوون دێتە دی، چونکە لە واقیعدا ناتوانێ تێریان بکات. ڕووکردنە سروشتیش هەر گەڕانەوەیە بۆ دایك چونکە بەلای زۆرێك لە شاعیرە ڕۆمانسیەکانەوە سروشت دایکە. بۆیە گۆرانیش ڕوو لە سروشت دەکات تا لەو جیهانەدا ئەو سۆزە لەکیس چووەی قەرەبوو بکاتەوەو حەزە سێکسیەکانی تێربکات کە لە واقیعدا نەیتوانیوە تێریان بکات. گۆران لە باوەشی دایکێکی گەرم و گوڕدا نەلاوێنراوەتەوە هەتا هەست بە رەحم و سۆزو خۆشەویستی ئەو ڕۆحە بکات هەروەك لە هەندێ وێنە شیعرییەکانیدا ئاماژەکانی ئەم لایەنە رەنگی داوەتەوە.

(( (قەبر ئەی خاکی ڕەش ئەی چاڵی تاریك

دڕندەی لاشە خۆری باوك و دایك)

* * * *

(نەك دایکی کوڕ مردوو، دیم کۆرپەی ساوا

لای مەیتی دایکیا فرمێسك لە چاوا) )) (٢٧)

*        *        *        *

(کۆشی گەرمی دایك جێگای نازم بوو)

*        *        *        *

(ناڵێم وەك دایکێکی دڵسۆز

فرمێسکی بۆ هەڵئەڕشتم)

*        *        *        *

(ونتان کرد باوەشی گەرمی دایکتان)

*        *        *        *

(کوڕ کۆشی دایکی کەوتە بیر ) )) (٢٨)

*        *        *        *

(بۆیە کۆتری سپی و نەرمی باوەشت

مل هەڵئەسوێ، بێ سل لە گەرمی لەشت)

*        *        *        *

(ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش)

*        *        *        *

(دایکی ساوا

لەگەڵ هاژەی دوری ئاوا

بە لایەلایەی شیرینی

خەوی خێری پێ ئەبینی

شیری پاکی ئەنایە دەم)

*        *        *        *

(ئای ئەو ماڵە چەن ئاوایە

کە دایك و باوك لای بێشکەی ساوا

گوێیان لە مشەی ساوایە) )) (٢٩)

ئەو پەیوەندییە ساردو سڕەی نێوانیان‌و مراندنی دایکی لەلایەك‌و نزیکبوونەوە لێی لەلایەکی ترەوە لەم وێنە شیعرییانەدا لە دوو ڕوانگەوە لێکدانەوەی بۆ دەکرێ یەکەمیان لە روانگەی سۆسیۆلۆجیەوە پەیوەندی بە بێ رەحمی‌و کەمتەرخەمی‌و بێ سۆزی دایکییەوە هەیە، بە بەڵگەی یەکەم شیعری کە بۆ دایکی نووسیوەو هەروەها نەبوونی هیچ دەقێکی شیعریی بۆ کۆچی دایکی کە سێ ساڵ پێش کۆچی گۆران مردووە . دووەمیان لە ڕوانگەی شیکاری دەروونییەوە پەیوەندی بە حەزی سێکسییەوە هەیە، کە ئەم ڕێبازە جەختی لەسەر دەکاتەوەو دەیبەستێتەوە بە حەزی سێکسی کوڕ بۆ دایکی کە لە لاشعوریدا خەفەی کردووە.

١- ئەو ⟵ نزیکی دەکاتەوە لە دایکی بۆ تێرکردنی خواستێکی سێکسی خەفەکراو لە نەستیدا.

٢- منی باڵا ⟵ ڕێگرە لەو نزیك بوونەوەیە.

٣- من ←——— ناچارە خۆی دووردەخاتەوە بە مراندن و دوورکەوتنەوە لێی، چونکە گەیشتن بە دایك یاساغە بۆیە دەیمرێنێ.

هەندێ جار سێکس لەپێناو سێکسدا ئەنجام دەدرێ ئەم مەیل و حەزە لای شاعیریش بەوجۆرە دەبێت هەندێ جاریش سێکس لەپێناوی خۆشەویستیدا ئەنجام دەدرێ و دیسانەوە ئەم خواست و حەزەی لای شاعیر لەپێناوی خۆشەویستیدا دەبێت. گۆران لەوجۆرە وێنانەی کە ئاماژەی سێکسین لەپێناوی خۆشەویستیدا خولقێنراون هیچ مەبەستێکی سێکسی ڕەهای لەپشتەوە نییە ئەو پێی وایە کە خۆشەویستی بەبێ سێکس هیچ چێژێکی تێدا نییە، کە لە هەندێ شوێندا ویستویەتی ئەو ڕاستیە بخاتە ڕوو کە سێکس کارێکی زۆر سروشتییە لە پەیوەندی نێوان ژن و پیاودا. هەروەها باس لەو تێڕوانینانەش دەکات کە ژیان بەگشتی و ژن – سێکس- هیچ بەهاو نرخێکی نییە هەر بەو شێوەیە خۆشەویستی ژنیش بەبێ سێکس هیچ چێژێك نە بە ژیان و نە بە سروشت نابەخشێ.

زۆرجار وارێکەوتووە گۆران تەنها بە بینینی جەستەی ژن کە لەژێر عاباوە ئالاوە یاخود تەنها نیگای کچێکی قژ زەرد یاخود هاتوچۆی کچێکی بێگانە حەزی سێکسی گۆران دەوروژێنن و لە ناخەوە حەزە کپکراوەکەی دەکەوێتە جۆش و خرۆش. لەکاتێکدا گۆران لە قۆناغی هەرزەکارییدا چەندین یادگاری سێکسی لەگەڵ کچاندا هەیە کە هەمیشە لە یادەوەریدا ئامادەییان هەیەو کاریان لە هەست و نەستی کردووە. جێ ژوان و بەیەکگەیشتنی غرامی تام و چێژی گوشینی لەشی نەرم و ماچکردنی دەم و لێوی قوت، کە لەناو پەردەی ئەندێشەی ئەودا هەر دەمێنێتەوەو دەبێتە کۆی تاقیکردنەوەیەکی ڕاستەقینە بۆ خولقاندنی شیعرێکی ئیرۆتیکی وروژێنەر، هەروەکو لە شیعری (ئەی لامیسە و جیلوەی شانۆو بۆ گەورە کچێك و سێبەری هیوا)دا دەریبڕیوە.

شیعرە ئیرۆتیکییەکانی کە بۆ خۆیان ئاماژەن بۆ حەزی سێکسی کە لە ژیانیدا نەهاتونەتە دی، غەریزەی سێکسی پاڵنەرێکی سەرەکی بنیاتی پێکهاتەی زۆرێك لە دەقە شیعرییەکانێتی چونکە لەبەر دەسەڵاتی (منی باڵا) ناتوانێ حەزە سێکسیەکانی لە واقیعدا تێربکات بە ناچاری ڕوو لە شیعر دەکات، ئەم لایەنە بەرجەستە دەکات لە شێوەی وێنەی ئیرۆتیکی هەمەجۆردا کە لەلایەك لەنێو کۆمەڵدا بەو شێوازە پەسەندو ڕێگە پێدراوەو لەلایەکی تریشەوە حەزێکی سێکسی بەشێوەی شیعر دەردەبڕێت کە لای کۆمەڵگا پەسەندەو کارێکی ئاساییەو لەلایەکی تریشەوە هۆکارێکە بۆ ئارام بوونەوەی باری دەروونی.

ئەم جۆرە وێنانە کە گۆران بەرەو سێکس دەبات بۆخۆیان بەڵگەن کە گۆران سنوری شەرم دەبەزێنێ و هیچ حیسابێك بۆ بەربەستەکان ناکات.

لەبەرئەوەی بەشەرێکم زەبوونی دڵ هەڵبەت
حەقم بوو پەردەی شەرم و حەیام دڕی لام برد
لە وردترینی دەمارم وەکو پزیسك پژا
تەحەسوساتی دڵێکی پەرۆش بۆ ئافرەت! (٣٠)

ئەوەی لە دیوی ناوەوەی ئەو دەقە شیعرییانەی کە بۆ جوانی نووسیوێتی ئەوە دەخوێنرێتەوە کە

جوانی بووه بە گرێیەکی دەروونی و لەم لایەنەشەوە تووشی جۆرێك لە تێکشکان بووە بۆیە بە شیعر هەوڵی داوە قەرەبووی ئەو بێ بەشبوونە بکاتەوە بۆ ئەم مەبەستەش بە بابەتی تر گوزارشتی لەو حەزانەی کردووە کە لای کۆمەڵگە ڕێگە پێدراوە. لەهەمان کاتیشدا لای گۆرانیش دەبێتە مایەی حەوانەوەو ئاسوودەیی دەروونی و هاوسەنگی بۆنموونە ئەو وێنە ئیرۆتیکیانەی کە لە شیعرەکانیدا لە وەسفی جەستەیی ژن و پرۆسەی سێکس و ئەندامەکانی وروژێنەری مێینەو جوانی سروشتدا خراونەتە ڕوو بەڵگەی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ.

زۆری وێنەی ئیرۆتیکی لە شیعری گۆراندا ئاماژەیە بۆ نەهاتنە دی حەزە سێکسیەکانی و کپکردنیان جا لەبەر هەر هۆکارێك بێت کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئابوری. گۆران لەو لایەنەوە نەیتوانیوە حەزە سێکسیەکانی تێربکات بۆیە ئەم لایەنە وەکو فاکتەرێکی بەهێزو کاریگەر پاڵنەرێکی سەرەکی و بنچینەییە بۆ گۆران کە بەرەو خولقاندنی ئەو وێنە ئیرۆتیکانە بچێ. گۆران لەو جۆرە شیعرانەیدا پەردەی شەرم ئەدڕێنێ و بەئاشکرا بەرەو سێکس دەڕوات و پەردە لەسەر ئەندام و شوێنی وروژێنەر هەڵدەداتەوەو هەندێك جاریش ڕوو لە کردەی پرۆسەکەش دەکات و وەسفی چێژ پێ گەیشتن و نەشوەی سێکس دەکات. هەروەکو لە (جیلوەی شانۆ) و (بۆ گەورە کچێك) (بۆ خانمێك) (ئاواتی دووری) (شەوێك لە عەبدوڵڵا)دا ئەو چوون بەرەو سێکسەی دەربڕیوە.

پێویستە ئەو ڕاستیەش بوترێ کە ئەو هەموو وێنە ئیرۆتیکیانە لە شیعری گۆراندا کارێکی ئاساییەو هیچ لە بەهاو کەسێتی گۆران کەم ناکاتەوە ئەمەش دەبێتە هۆکارێك کە ئەم لایەنە لە شیعرەکانیدا ڕەنگ بداتەوە، چونکە حەزی سێکسی غەریزەیەکە دەبێ تێربکرێ، بەڵام لای گۆران پەیوەندی بە ژیانی تایبەتی خۆیەوە هەیە. لەم لایەنەشەوە بێبەشبوون و نەگەیشتن بە چێژی سێکسی وا لە گۆران دەکات کە زیاتر وێنەی ئیرۆتیکی دەرببڕێ. ئەوەندەش بە هونەری و لێزانینەوە خراوەتەڕوو، شێوازێکی ئاسایی پەسەندکراوی وەرگرتووە. بەم پێیە بە ئاسایی کردنی پرۆسەی سێکس کردن لای گۆران ئامانجێکی ئاشکرایە. زۆرجار ئەو پرسیارە کراوە ئاخۆ بۆچی گۆران ئەوەندە باسی ژن دەکات و لە شیعرەکانیدا ڕوو لە ئافرەت و جەستەی ژن دەکات؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ژیانی لاوێتی گۆران و قۆناغی منداڵی، هەروەك ئاشکرایە گۆران حەزی سێکسی لە نەستیدا کپ کردۆتەوە لەبەر بەربەستەکان نەیتوانیوە لەو لایەنەوە گرفتی نەبێ، هەربۆیە بێ ئاگایانە لە چەندین وێنەی شیعریدا ئەو حەزە سێکسیەی دەردەبڕێت.

هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا گۆران ژنی یەکەمی بەدڵی خۆی نەبووە. بەم پێیە هەستی بێبەشبوون لە خۆشەویستی ئافرەت و جوانی لەلا دروست دەبێ هەربۆیەش بە درێژایی تەمەنە شیعرییەکەی هەستی جوان پەرستی ژنان و خۆشەویستی پانتاییەکی فراوانیان لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانیدا داگیرکردووە. ئەمەش بەڵگەیە کە حەزی بۆ ئافرەت لە نەستیدا کپ دەکاتەوە، هەربۆیەش کە دێتە سلێمانی دوای چەند ساڵێك ژنی دووەم دەهێنێ کە بە وتەی هاوچەرخەکانی بە خۆشەویستی و حەز لێ کردن هێناویێتی، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە ئەم ژنە لەدوای یەکەم بەندکردنی لە گۆران جیادەبێتەوە. ((دیارە ئەو گیانی لەزەتخوازی و ئارەزووبازی و کڵپەی

هەوەس و جۆش و خرۆشەی شاعیر لە شارێکی وەکو ئەوسای هەڵەبجە یان سلێمانی و هەولێر نەکوژاوەتەوە. پێوەندی خێزانی ڕێگە نادات. ڕادەی گەشەکردنی کولتووری و کۆمەڵایەتی ڕێگە نادات و میکانیزمی چەپاندن، هەر لە ناوزڕاندنەوە تا دەگاتە هەڕەشەو ساردکردنەوەو ملپەڕاندن، ترس و دڵەراوکێ دەخەنە بەردەم شاعیر ئەو بە ژنهێنانی کلاسیکی و خۆشەویستی و پێوەندی ڕێگەپێنەدراو دادەمرکێتەوە، ئەو لەش و لارەی ژێر عاباو پەچە، پشت دیوارە ئاسنینەکانی کۆمەڵی دواکەوتوو، پتر بورکانی نووستوو، بەرەو تەقینەوە دەبەن))(٣١)

گۆران لە رووی پەیوەندی بە ئافرەت و تێرکردنی حەزە سێکسیەکانییەوە کەسێکی شەرمن نەبووە. ئەو لە تەمەنی ١٥ساڵیدا ئاڵوگۆڕی ماچی لەگەڵ کچێکدا کردووە. هەرچەندە لەڕووی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کۆمەڵایەتییەوە کەسێکی شەرمن بووە.

گا ماچم ئەکرد لێوی قوت و چاو و برۆی مەست،
چەن ساتێ وەها ئولفەتی تۆم بوو بوو بە عادەت،
یاخود کە دەڵێ:
بڕیمە نەخشی جەمالت بەبێ حەزەر لە قسەت
لە هەردوو چاوەوە نووکی بڵێسەی سەودا
کە دیم لە چاوی بەڵەکتا تەلەمموعاتی غەرام
وەکو و بریسکە بریسکی نجوومی شەو دەرکەوت (٣٢)
یان لە شیعرێکی تریدا دەڵێ:
گۆران تەماعی ماچ و ویسالی بڕیوە لێت
یەك ئیلتقات و نیوە نیگایەك کافییە! (٣٣)

گۆران لە ڕێگەی داهێنانی وێنەی ئیرۆتیکیەوە دەیەوێ بگات بە دامرکاندنەوەی حەزە سێکسیەکانی تا بەو هۆیەوە ئاسوودەیی و ئارامی دەروونی بەدەست بهێنێ. بەپێی تێڕوانینی شیکاری دەروونی کاتێ پەیکارسازێك لە ژیانی واقیعدا ناتوانێ حەزە سێکسیەکانی وەکو ئەوەی لە دەروونیدایە تێریان بکات، ڕوو لە دروستکردنی پەیکەرێکی ئافرەتی ڕووت دەکات، ئەمەش بەخۆی کارێکی داهێنەرانەی ڕێگەپێدراوە، لەلایەکی تریشەوە هۆکارێکە بۆ بەتاڵ کردنەوەی حەزە سێکسییەکانی.

پرۆسەی چێژی سێکسی لە شیعری گۆراندا، هۆکارێکی نەستییە، ئەو هەندێ جار باس لە حەزێکی قەدەغەکراو دەکات، بەڵام بە دەربڕینێکی ئەدەبی و ڕێگەپێدراو، لە شیعری (ئاواتی دووری)دا باس لە بەیەکگەیشتنی ئەندامی جەستەی خۆی دەکات کە بەر جەستەی دولبەرەکەی دەکەوێ، لەدوای ئەوەی هیچ لە هەستەکانی گوێ و چاو و لوت چێژی پێ نابەخشن دەڵێ:
ئەی لامیسە ئەگەرچی نەبوو دەنگ و ڕەنگ و بۆ،
وەك شێت بە عەقڵی خامەوە خۆم خستە بەختی تۆ!

کوا تەماسی لەشی نەرمی؟
کوا لەزەتی کۆشی گەرمی؟
کوا مەمکی پڕ چنگ؟
لیمۆی باخی سنگ؟
کوا ماچی لێوی ئاڵ
جورعەی ئەبەد، خەیاڵ؟ (٣٤)

گۆران لە شیعری (جیلوەی شانۆ)دا سنوری وەسفی جوانی و خۆشەویستی ئاسایی تێدەپەڕێنیٚ و هەندیٚ جار ڕوو لە باسکردنی پرۆسەی سێکسی دەکات.

شەپۆلی سنعەت و ئیلهام، شەپۆلی جیلوەو فەڕ!
کە چاوی ئاسمانی
لە بەحری بیٚ بن و دوڕڕی خەیاڵی بەرز ئەبڕی،
ئەکەوتە لەرزی لەتافەت لەرانەوەی جوانی:
لەش لە کوڵمەوە تا سنگی نەرم و مەمکی خڕی،
کوڵم کە میوەیەکە ئاڵ و مزری سەر لقی لەش
وە نەرمی سینە کە لانەی خەوێکە یەزدانی
خەوی عیشق، گڕی عیشقی هەمیشە گرپەو گەش!
گۆی مەمك کە تەماس و گوشینی وەك دوگمەی
ئەلەکتریك، ئانی
ئەخاتە سەر ڕەگی لەش کارەبایەکی ئۆخەی!
دەمێك ئەبوو بە شنەی با بە رەوتی نەرم و نیان
دەمێك ئەبوو بە پەرێکی خەفیف ئاوریشمین
بە گەردەلوولیٚ حەزین
ئەکەوتە بەر جەرەیان بیٚ قەرارو سەرگەردان! (٣٥ )

گۆران هەندیٚ جار بیٚ ئاگایانە لە شێوەی سیمبول و رەمزدا بیٚ بەشبوون لە سۆزو خۆشەویستیٚ و حەزی سێکسی کپکراو بۆ دایکی دەربڕیوە:

وەك ساوای یەك شەوە کە دیٚ پاش نەمانی
چۆڵ ئەبیٚ بەیەکجار لە ناو و نیشانی (٣٦)

گۆران خۆی وەك ساوای یەك شەوە پیشان دەدات بۆ ئەو دێیە، لێرەدا دێیەکە ئاماژەیە بۆ دایك، واتە وێنەی دایك لە دێیەکەوە بەرجەستەکراوە، بەڵام ئەوەی جێگای لە ناخیدا ماوەو دەمێنێتەوە ئەو حەزەیە کە لە لاشعوریدا خەفەکراوەتەوە.

بەپێی تیۆرییەکەی فرۆید کوڕ هەر لە منداڵیەوە حەزی سێکسی بۆ دایکی لە نەستیدا کپ دەکاتەوە. بەم پێیە هەندیٚ لەو وێنانەی باس لە جوانی ژن دەکەن لە ڕاستیدا ئاماژەن بۆ قەرەبووکردنەوەی حەزی سێکسی گۆران.

گۆران لە وێنەی ئەو کچە کوردەی کە نە لە شارو نە لە لادێ نەیدیوە کەس وەك ئەو جوان بێ بەدوای دایکێکی دڵسۆزدا دەگەڕێ تاکو بێتە رابەرو رێ نیشاندەری رێگای سەختی ژیان، دیارە ئەو جوانە هەردەبێ دایك بێ، بەڵام لە هیچ شوێنێکی کوردستاندا ئەو جوانە بەدی ناکات کە جێگرەوەی ڕاستەقینەی دایکی بێ یاخود ئەو ئافرەتە بێ کە گۆران ناسیویێتیو ئاشنایە پێی:

کە دەست لە یەخەت گیرنابێ!

لەلای کەس

دڵ ژیرنابێ

تۆیت و بەس

پەنای هیواو خەوبینینم

ئاواتی گیانی شیرینم (٣٧ )

منداڵ بەهۆی دابڕانی لە دایکیەوە ژیر نابێتەوە ، لێرەدا ئەو کچە رێك وێنەی دایکێکە بۆ گۆران کە خۆی بە منداڵ چواندووەو بێ دایکیو دوور لە ئامێزی سۆزو میهرەبانی ئەو تەنانەت لای کەسانی تریش دڵی ژیر نابێکە بە پێی تیۆریەکەی فرۆید حەزی بۆ دایکی لە لاشعوریدا پاڵنەرێکی سێکسییە بۆ دەربڕینی ئەو جۆرە هەستو سۆزە.

شاعیر هەر دیمەنێ یا هەر کارەساتێ بەڕاستی کاری تێکردبێو وروژاندبێتی.. یەکسەر یا وەك ئافرەتێکی شۆخ و شەنگ بۆی چووە.. یا سیفەتەکانی ژنو گەورە کچی تێکەڵاو کردوەو وەك شتە نازدارە (موتڵەقەکە) مامەڵەی لە تەکدا کردووە.. ئیدی هەر گەردن و گۆناو باوەشو چاوو قژو بەژنو باڵاو تارای بووکێنیو هتد... وەك پەپوولەی ڕەنگاوڕەنگ بە دەوریا دێنو دەچن (٣٨) .

ئەی مۆسکۆی.. گەورە کچی ئۆکتۆبەر یان

ئەی مۆسکۆ ئەی ژنی جوانی سپی پۆش یان

کۆمەڵە شاخێك سەخت و گەردن کەش

ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش

سەرپۆشی...هتد.

گۆران لە تاقیکردنەوە شیعرییەکانیدا لەم لایەنەوە دەلالەتی نەستی لە چەند دەقێکیدا ڕەنگی داوەتەوە.

نەك دایکی کوڕ مردوو، دیم کۆرپەی ساوا

لای مەیتی دایکیا، فرمێسك لە چاوا

کەوتبوو بەبێ شیر بێ لاوانەوە

ناوجەرگی ئینسانی ئەچووزانەوە (٣٩)

لەو دەقەدا حەزی سێکسی بۆ دایکی لەو وێنەیەدا بەرجەستەکراوە کە کۆرپەی ساوا هەمیشە حەز بە شیر دەکات واتە بە مەمکی دایکی، ئەویش دایکی کەسێکی بێ هەستو سۆز بووە – بەلای گۆرانەوە – گۆران کە خۆی بە کۆرپەی ساوا نیشان دەدات بێ لاوانەوە بوو، دایکی مردووە، یاخود

لە بێ چێژیو لە بێ سۆزی دایکی هەر لە منداڵیدا. حەزە سێکسیە کپکراوەکەی گۆران بۆ دایکی لێرەدا بەبێ ئاگا دەردەبڕێ کە لە دیمەنی کۆرپەیەکی ساوای بێ شیر و بێ لاوانەوە دوور لە مژینی مەمکی دایکی بەرجەستە کراوە.

لە روانگەی دەروونناسیەوە هەر بابەتێك لە رەفتاری کەسێکدا زۆر دووبارەبێتەوە ئەوا ئەو بابەتە لای ئەو کەسە ئاماژەیە بۆ گرفتو گرێیەکی دەروونی قۆناغی منداڵیو هەرزەکاری. ئەم دیاردەیە لای گۆران خۆی لە باسکردنی (جوانی ژن)دا بەرجەستە دەکات کە لە پانتایی جیهانە شیعرییەکەیدا هەمیشە بە بەردەوامی باسی لە جوانی ژن دەکات. یاخود لەدەستدانی شتێك لە ژیانی مرۆڤدا بەهەمان شێوە رەنگدانەوەی دەبێ لە رەفتاریداو لە بواری جیاجیاو بە شێوازی جیاواز، تەنانەت هەندێ جار لە نەستیدا بەبێ ئاگایانە لە شێوەی ڕەمزدا ئاماژە بەو لەدەستدانە دەکات.

لەبەر رۆشنایی شیکاری دەروونیدا بۆ پاڵنەری نووسینی هەردوو دەقی (لە درزی پەچەوە) و (حوزنی پەچە) بڕوانین ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە (من)ی گۆران لە شیعری یەکەمدا پاڵنەری سێکسی کپکراو واتە (ئەو) وروژمی بۆ دەهێنێو گوشار دەخاتە سەر ئاستی ئاگایی (من) و بۆیە ئاڵۆشی سێکسی فشار دەخاتە سەر منی شاعیر کە باس لە جەستەو ئەندام و شوێنی هەستیاری ژنی پەچەدار بکات. لێرەدا ناڕەزایی لەبەرامبەر ئەم پەچە پۆشینە دەرنابڕێو بە شتێکی ئاسایی دادەنێ. بەڵام لە دەقی (حوزنی پەچە)دا ئەوە روون دەبێتەوە کە گۆران بۆ دەرکەوتنی جوانی لەشولاری ژن دەبێ پەچە دانەپۆشێ و چونکە بەلایەوە بەربەستە لەبەردەم دەرکەوتنی جوانی سیمای ژن لەم حاڵەتەشدا (من)ی گۆران لە رووی فشاری (ئەو)ەوە لە دۆخێکی ئاساییدا بووە، پەچە بە بەربەست دادەنێ لەبەردەم خواستو هەستی بینیندا، غەریزەی سێکسی لەم دەقەدا ئەو رۆڵە نابینێ کە لە دەقی (لە درزی پەچەوە) دەیگێڕێ، لە حوزنی پەچەدا حەزی سێکسی لە ئارادا نییە، بەڵام لە (درزی پەچە)دا گۆران بەرەو سێکس دەڕوات. بەم پێیە گۆران لە دەقی یەکەمدا لەژێر گوشاری غەریزەی سێکسیدا کە لە نەستیدا کپکراوە لە جوانی ژنی ژێر پەچەو عابا دەڕوانێ، بەڵام لە دەقی دووەمدا بەپێچەوانەوە (من)ی شاعیر لە دۆخێکی ئاساییو ئارامدایە. (من) بەوپەڕی بەئاگاییەوە هاوسەنگی لەنێوان (منی باڵا)و (ئەو) دا دروست دەکات. گۆران پێی وایە جوانی ژن دەرناکەوێ گەر خۆی داپۆشیبێ، واتە پاڵنەرێکی بەهێزی سێکسی لە ئارادا نییە تا گوێ بەهیچ بەربەستێك نەداتو جوانی ببینێ بۆیە لێرەدا ناتوانێ جوانی ببینێ بەهۆی ئەو پەچەیەوە کە سیماو جەستەی خەفەکراوی داپۆشیووەو داوای لابردنی دەکات بۆئەوەی حەزی سێکسی خەفەکراوی لە ئەنجامی بینینی لەشولاری شۆخە ژن بووروژێ.

ئەم دوو جیهانە دژو ناکۆکەی ژیانی گۆران لە جیهانە شیعرییەکەیدا ڕەوتی ئاسایی خۆی وەرگرتووە. کە لە دواتردا تیشك دەخەینە سەر ئەم لایەنە.

گۆران هەندێ جار بێ ئاگایانە میکانیزمە بەرگرییە دەروونییەکان بەکاردەهێنێ بۆ دەربڕین لە ناخی خۆی –واتە ئەو بابەتانەی کە لە نەستیدا خەفەکراون– کەواتە ئەو دەقە شیعرییانەی کە میکانیزمە بەرگرییەکان بەرجەستە دەکات دەیسەلمێنێ کە فاکتەری سەرەکی بنیاتی بابەتی دەقەکە

نەستی گۆران خۆیەتی. کە دەڵێ:

لە هەچ باخێك گوڵێکی سوورم دیبێ،

بۆی چووم هەزار درِك لەپێم چەقیبێ!

لەش با هەردەی بەهار بێ ئارایشتی

ئاسمانێکی ئەوێ فەڕ با بەگشتی! (٤٠)

بە میکانیزمی باڵابوون گۆران کۆمەڵێك دەقی هەیە کە دەربڕینن لە نەستی بەڵام لەهەمان کاتیشدا ڕێگەپێدراون لەلایەن کۆمەڵگاوە. بۆنموونە کاتێ شاعیر بە ناچاری حەزی سێکسی خۆی خەفە دەکات، لەم حاڵەتەدا (من) تووشی نائارامی دەبێ و (ئەو) هەراسانی دەکاو فشار دەخاتە سەری، (من)ی شاعیر بۆ هاوسەنگی دەروونی و ڕازیکردنی (منی باڵا) و (ئەو) ئەو حەزە سێکسیە بەشێوەی دەقێکی شیعری دەردەبڕێ بەبێ ئەوەی کۆمەڵگا لە دژی ئەو جۆرە شیعرە بوەستێ بەم شێوەیە شاعیر ئارامی دەروونی بۆخۆی دەگێڕێتەوەو لەگەڵ دەوروبەرەکەشیدا ئارام دەبێتەوە. ئەم لایەنە لەو جۆرە دەقە شیعرییانەیدا ڕەنگی داوەتەوە کە لایەنی ئیرۆتیکی پەیوەندی نێوان خۆشەویستی ژن و پیاو دەردەخات.

گۆران لە هەندێ لەو شیعرانەیدا کە جوانی پەرستی خۆی بۆ ئافرەت و سروشت دەردەخات لاوعی دزەی کردۆتە ناو شیعرەکانییەوە، کە ئاماژەیە بۆ غەریزەی سێکسی خەفەکراو، چونکە جوان پەرستی بۆ ئافرەت و سروشت لای گۆران سەرچاوەو پاڵنەرێکی سێکسیە . ڕووکردنە گۆران بۆ جیهانی پڕ لە نهێنی سروشت ڕەهەندێکی دەروونی هەیە کە پەیوەستە بە ناخی شاعیرەوە. گۆران گرێی دەروونی خۆی لە جیهانی سروشتدا دەکاتەوە. تا هیچ نەبێ لەو جیهانەدا ئارامی و ئاسوودەیی ڕۆحی فەراهەم بکات هەرچەندە ئەو هەست بەوە دەکات کە تەنها سۆزو کۆشی گەرمی ئازیز دڵی پڕ لە حەسرەتی ئاسوودەو ئارام دەکاتەوە. بەڵام ئەو واقیعە بێ ڕەحمە بواری پێ نادات کە حەزەکانی خۆی بێنێتە دی و ئاسوودەو ئارام لە کەشێکی جێگیرو هاوسەنگدا درێژە بە ژیان بدات. تێڕوانینی بۆ سروشت و دیاردەکانی لەو جیهانەدا لەژێر کاریگەری بارە دەروونیەکەی شاعیردا بەڕێوەدەچێ، زاڵبوونی باری دەروونی بەسەر کەسێتی گۆراندا وادەکات کە بەو شێوازەی کە ناخی پێی کاریگەر بووە مامەڵەکە بکات و وێنەی هونەری دەگمەن و ناوازەمان لە جیهانی دەقە شیعرییەکانیدا بۆ بخوڵقێنێ.

ڕاستە تێکهەڵکێشێکی بێ ئەندازە لەنێوان (دڵداری – خۆشەویستی) لەگەڵ (سێکس)دا هەیە، بەڵام لە کۆتاییدا هەمان شت نین و پەردەیەك لەنێوانیاندا هەیەو دوو بابەتی لێك جیان، هەوڵ دەدەین لەمیانەی شیعرەکانی گۆرانەوە ئەو جیاوازیانە دیاری بکەین کە لەنێوان خۆشەویستی و سێکسدا هەیە.

((ماچ لە هەموو کولتورە لێك جیاجیاکاندا سیمبولە بۆ خۆشەویستی و ئیرۆتیك و سێکس، فرۆید دەڵێ: هەوەسی ماچ کردن، کردارێکی بۆماوەییە، لەوکاتەی کە منداڵ مەمکی دایکی دەمژێ بوونی هەیە)) (٤١)

کوا ماچی لێوی ئاڵ

جورعەی ئەبەد خەیاڵ (٤٢)

ڕەنگە لە پشتی هەر شیعرێکی ئیرۆتیکی گۆرانەوە شۆخێکی عەیارو جوان ئامادەیی هەبێ کە سەرچاوەی هێلانەی شیعری تازە خولقاوی ئەو بێت.

لە شیعری (خۆزگەم بە پار)دا دەڵێ:

بۆ ماچێ، نوقورچێ، گازێ

هەر بەزمە دەنگێ، ئاوازێ (٤٣ )

لێرەدا باس لەو ماچە دەکات کە شوێن تێیدا دیاری نەکراوە. ئەوەی سەرنجە هەر لە ناونیشانو سەردەمی دەقە شیعرییەکانەوە ئەوە دەردەکەوێ کە یەك کەس لە ژن و کچ سەرچاوەی ئیلهامی ئەو دەقە شیعرییە خۆشەویستیو ئیرۆتیکیو سێکسییانە نییە.

گۆران لە هەندێ لە شیعرەکانیدا لە لێو دواوە، لە زۆربەیشیاندا بەرەو ئیرۆتیكو سێکس هەنگاوی ناوە. ئەمەش مانای ئەوەیە بەشێك یا زەمەنێکی ژیانی بەڵام لە قۆناغی جیاجیادا بۆ ئیرۆتیكو سێکس تەرخان کردووە.

گا ماچم ئەکرد لێوی قوت و چاو و برۆی مەست

چەن ساتێ وەها ئولفەتی تۆم بوو بوو بە عادەت، (٤٤ )

(ئەگەر لێو ماچکردن چوونە بەردەرگەی سێکسو مژینی لێو لە دەرگەدان بێ ئەوا دەم لەنێو دەم هەر دەم مژینەو ناکەوێتە خانەی ماچکردنو لەلایەکی تریشەوە هەنگاونانە بۆ چوونە ناو فەزای سێکس، ماچی دەم یا مژینی دەم، ماچی ناو دەم هەموو کاتێك بە مانای لێخشاندنی زمانو لێو بە کۆئەندامی تری دەمی بەرانبەر (زمان، لێو، ددان، بن زمان...) دێت) (٤٥ ) .

تۆبی بە بینترین نەغمە

شڵپەی ماچی ئەو ناو دەمە! (٤٦)

یاخود کە دەڵێ:

هەنگە زەردە ئەبڕێ دێی دوور

بۆ بینینی گوڵاڵەی سوور

تا نەگەڕێ مێرگی بەهار

دەم نانێتە ناو دەمی یار! (٤٧ )

گۆران کاتێ گەنج بووە لە ١٩١٩ ماڵیان چووەتە هەورامان، ماچی کچ لێوی تەزاندووە رەنگە چێژو تامی ئەو ماچە لای گۆران هێندە کاریگەر بووبێ کە ببێتە هۆی نووسینی چەندین وێنەی شیعری کە ئەو ماچە بەرجەستە بکات هەروەکو لەدوای شەش ساڵ کە دەبێتە مامۆستاو دەگەڕێتەوە بۆ بیارە بە یادی رۆژانی ڕابردووەوە شیعری (بۆ گەورە کچێك) دەنووسێتو باس لەو ماچەش دەکات کە دەڵێ:

گا ماچم ئەکرد لێوی قوت و چاو و برۆی مەست، (٤٨ )

بەم پێیە چەندین وێنەی ئیرۆتیکی هەمەجۆر لەنێو جیهانە شیعرییەکەی گۆراندا دەلالەتی ئەو رەهەندە سێکسیە دەسەلمێنێ کە لە ناخی گۆراندا هەمیشە گڕوتینو تاسەی حەزێکی خەفەکراو دەخاتە ڕوو. بۆیە زۆربەی دەقە شیعرییەکانی گۆران کە باس لە لێوو ماچ دەکەن یاخود باس لە ئەندام و لەشولاری ئافرەت دەکەن هەنگاونانێکە بەرەو سێکس یاخود گوزارشتکردنێکە لە ئیرۆتیكو سێکس.

لێدوان لە ماچ و کوڵم و ڕوومەتو دەمو چاوو قژو گۆناو لێوو ڕانو لەشی نەرمو شلو مەمکی پڕ چنگو گۆی مەمكو پووزی سفتو سپیو سپێتی شانو ملو گەردنی ڕووتو سنگی نەرمو مەمکی قوتی توندو کەم گۆشتی نەختێك کەڵەگەت. لەلایەن گۆرانەوە ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەو جۆرە وەسفانە زەمینە

خۆشکەرن بۆ چوونە نێو سێکس یاخود ئەو لایەنانە وەکو ئەندامی هەستیاری جەستەی ژن ئاماژەن بۆ لایەنی چێژبەخشین و سەرچاوەی لەزەتن لەڕووی سێکسەوە:

ئەمانەم گشت لاجوان بووەو لاجوانە

بەڵام هەرگیز تەنیا جوانی ئەمانە

بۆی نەشکاندووم تونیوێتی و ئارەزووی دڵ

هەر گەڕاوە مەلی برسیم چلاو چڵ (٤٩)

لە شیعری گۆراندا دیاردەیەکی سەیر بەدی دەکرێ ئەویش ئەوەیە کە لە کردنەوەی کۆدە شیعرییەکانیدا کە رەهەندێکی خوازەییان هەیە، هەر لە پانتایی دەقەکەدا خۆیان ئاشکرا دەکەن و پێویست بە راڤەو لێکدانەوەی گریمانەو ئەگەرەکان ناکات. بەم پێیەش لەو دێڕانەی خرانەڕوو وێنەو چەمكو دەلالەتی سێکسو چوونە نێو سێکسمان نیشان دەدات.

لە شیعری شاعیرانی پێش گۆراندا بایەخێکی زۆر بە مەمك دراوە، بە گرنگترینو سەرنجڕاکێشترین ئەندامی جەستەی ئافرەت ئەژمار کراوەو گەلێك وێنەی شیعریو هونەری بەرزو جوانیان بۆ باسکردنو وەسفکردنی ئەو ئەندامە هەستیارو جوانەی ئافرەت تەرخان کراوە. هەربۆیە بووەتە مۆتیڤێکی هونەری بەگشتیو لە هەموو هونەرەکانی پەیکەرتاشیو شیعرو چیرۆكو رۆمانو نیگارکێشاندا ڕەنگی داوەتەوە. گۆرانیش لە رووی کاری ئێستیکیو لایەنی سێکسەوە باڵادەستی خۆی نیشان داوە.

کام ئەستێرەی گەش، کام گوڵی کێوی

ئاڵە وەك کوڵمی؟ گۆی مەمکی؟ لێوی؟ (٥٠)

(مەمك)ی ئافرەت بەگشتی بەلایەوە زۆر سەرنج راکێشەو لە سروشتیشدا بەهیچ گوڵێکی کێوی و ئەستێرەیەکی گەش بەراورد ناکرێ.

بابێ بۆی مەمەی

لە درزی سوخمەی

بۆنی وەنەوشە، گوڵ

مێخەك، عەتر، سمڵ (٥١)

بێ دیاریکردنی (فۆرم و قەبارەی مەمك)(٤) بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بە مەمك دەکات. (٥٢)

کوا مەمکی پڕ چنگ؟

لیمۆی باخی سنگ؟ (٥٣)

یان دەڵێ:

شان و مل و گەردنی رووتی بێگەرد

سنگی نەرم و مەمکی قوتی توند وەك بەرد (٥٤)

گۆران جەخت لەسەر فۆرمێکی دیاریکراوی مەمك دەکاتەوە، ئەو جۆرە فۆرم و قەوارەیە بچووکەو پڕ بە چنگەو وەکو لیمۆ وایەو لە توندیشدا وەکو بەرد وایە.

شۆخی مەڕ مەڕ گەردن و سنگ

لەسەر سنگی ڕووت بۆ پرشنگ (٥٥)

بە ناراستەوخۆ ئاماژە بە مەمك دەكات بەبێ دیاریكردنی قەبارەو جۆری فۆرمی مەمكەكە.

لەش لە كوڵمەوە تا سنگی نەرم و مەمكی خڕی،

گۆی مەمك كە تەماس و گوشینی وەك دوگمەی

ئەلەكتریك ئانی

ئەخاتە سەر ڕەگی لەش كارەبایەكی ئۆخەی! (٥٦)

گۆران لێرەدا جەخت لەسەر مەمكێكی خڕ دەكاتەوە بەبێ باسكردنی قەبارەی مەمكەكە.

لە دەقی (بۆ كچێكی بێگانە)دا دەردەكەوێ كە ناخی شاعیر كەوتۆتە ژێر كاریگەری كچێكی بێگانەوە لە فەلەستین. ئەو جوانیانەی كە لە سەرەتای شیعرەكەوە ئاماژەیان پێدراوە بریتین لە جوانی گیان (جەستە)، بەڵام حەزو خواستە سێكسیەكانی و چێژی دەروونی لەم دەقەدا لە خۆزگەكانی دڵ دا كۆدەكاتەوە بەلایەوە تەنها جوانی گیان (لەش‌ولارو جەستە) بەتەنها ناتوانن خۆزگەی دڵ بهێنێتە دی.

جوانی گیان لەگەڵ جوانی جەستە پێكەوە دەتوانن گیانی برسی گۆران دامركێنێتەوە، تەنها جوانی جەستە نەیتوانیوە ناخی دامركێنێ بۆیە پێویستی بە جوانی گیانیش هەیە كە هاوكار بێ تا ناخی دامركێنێ. تەنها جوانی جەستە تینوێتی و ئارەزووی دڵی گۆرانی نەشكاندووە گەڕاوە بەدوای نازدارێ كە جوانێ جەستەو جوانی گیانی واتە ناوەوە (دڵی) دەروونی هاوكاری بێت. واتە هەردوو جوانییەكەی تیایدا بەرجەستە بووبێ ئەوكات ئارەزووی خۆزگەی دڵ دێتە دی. ئەوكاتە خۆزگەی دڵ دێنێتە دی كە جوانی گیان هاوكاری جوانی گل بێت. جوانی گیان بریتییە لە (دڵ، دەروون) و جوانی گلیش بریتییە لە (جەستەی ڕواڵەت، زمان، كۆشی گەرم و ئەندامی سێكسی مێینە) ئەوانەی گۆران ناسیوینی، تەنها جوانی جەستەو ڕواڵەتیان هەبووە هەستی بە جوانی ناوەوەیانی نەكردووەو بۆیە هەر وێڵە بەدوای جوانیداو هەتا دوا قۆناغی تەمەنی هەر بەو داخەوە سەری نایەوەو خۆزگەی دڵ نەهاتەدی نازدارێك كە هەم سۆزی دەروونی و هەم حەزی سێكسی دامركێنێتەوەو لە هەردوو جوانیەكەی چێژ وەربگرێ.

وەك باس دەكرێ ژنی یەكەمی نە ڕواڵەتی جوان بووە نە دەروونی، ژنی دووەمیشی ڕواڵەتی جوان بووە بەڵام پێ دەچێ دەروونی ساردو سڕو دڵی تاریك بووبێ. هەربۆیە گۆران تا مرد بەدوای جوانێك دەگەڕا كە هەردوو جوانیەكەی تێدا بێ. هەر نازدارێ گۆران ناسیبێتی بە ژنی دووەمیشیەوە چەند بە ڕواڵەت جوان بوون، بەڵام لە ناخدا دەروونیان ساردو سڕ بووە، كاریگەری خراپی لەسەر جێ هێشتووە. جوانی ئافرەت لای گۆران هەر جوانی دیوی دەرەوەی جەستەو لەش‌ولاری ئافرەت ناكاتە تاكە پێوەر، بەڵكو ئەو پێی وایە سۆزو جوانی ناوەوە كە خۆی لە دڵێكی گەش‌و ڕووناك‌و پاك‌و ناخێكی تێگەیشتوو دەبینێتەوە، واتە دەروونێك كە سەرچاوەی سۆزو بەخشندەیی و لێبوردەیی تێدا بێت‌و لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە پیاو بنیات نرابێ نەك تەنها بەجوانی خۆی. لای گۆران هەردوو جوانی ناوەوەو دەرەوەی ئافرەت تەواوكەری یەكترین، لاسەنگی لە هەركامیاندا هەبێ جوانی راستەقینە بەدی نەهاتووە، بەڵكو دەبێ هەردوولا هاوسەنگ‌و هاوكاری یەكدی بن بۆ پیشاندانی ئەو جوانییە كە گۆران لە جوانی‌و ڕەهەندە دەروونی‌و مرۆڤانەیەكەی گەیشتبوو، كەسانی سادە هەن تەنها بە جوانی ڕواڵەت فریو دەخۆن بێ ئەوەی ئاگاداری جوانی شاراوەی دیوی ناوەوەی ژن بن كە ئەم جوانییە بەلای گۆرانەوە بەتەنها ناتوانێ ئارامی پێ ببەخشێ، چونكە زۆر نازداری تری دیوە بە ژنی دووەمیشەوە ڕواڵەتیان جوان بووە، بەڵام ناخیان ناشرین بووە. گۆران لە سەرەتاوە تا ساڵی ١٩٤٠ واتە پێش ئەوەی ژنی دووەم بهێنێ سەرسام‌و عاشقی ژنی شۆخ‌و شەنگ‌و جوانی لەش‌ولاری ئافرەتی جوان بووە، كە بە چەندین وێنەی قەشەنگ‌و سەرنج ڕاكێش

لەم لایەنەوە ناخ و هەستی خۆی دەربڕیوە. بەڵام لەدوای هێنانی ژنی دووەمی لە ١٩٤٠ کە بەلایەوە ئەو ژنەیە کە بەدڵی خۆیەتی، کەچی هەر حەزو خۆزگەی دڵی پەرۆشی بۆ ژن هەر دانەمرکایەوە. تەنانەت بەو جوانیانەی کە لە فەلەستین و شوێنی تریشدا بینیویێتی، چونکە لە (جوانی بێ ناو)دا باس لەوە دەکات کە ئەوانەی تائێستا گۆران ناسیوینی و بینیوینی سەرەڕای جوانی ڕواڵەتیان و لەش ولاری جوانیان، کەچی ناتوانن ئارەزووی دڵی گۆران دامرکێنێتەوە. چونکە گۆران لە بنەڕەتەوە لە سۆزی ڕەگەزی مێ و چێژی سێکسی بێبەشبووە، تەنها ئەو کاتانە ئەم حەزە لەکیس چووەی بۆ ئافرەت قەرەبوو دەکاتەوە کە هەردوو جوانی روخسارو جوانی ناوەرۆك ئاوێتەی یەکترین. گۆران لەڕووی تێرکردنی حەزی سێکسی و چێژەوە لەگەڵ هاوسەرەکانیدا نەگەیشتووەتە مەبەست، چونکە پێی وابووە پرۆسەی سێکسی پێویستی بە کەشێکی لەبارو گونجاوە کە هەموو لایەنەکانی لە هەردوو ڕەگەزدا سازو ئامادەبن، ئەم پرۆسەیە پێویستی بە خۆشەویستی و نازو رووخۆشی و دەروونێکی ئاسودە هەیە. بەم پێیە گۆران حەزی سێکسی بە ئارەزووی خۆی تێر نەکردووە، هەربۆیە تووشی دڵەراوکێ و نائارامی دەروونی بۆتەوە.

هەر ئافرەتە هێندە ژیرە
پەرداختر کات کوێی دلگیرە
تازە شۆخی هەڵبژاردەم
کەوتۆتە سەرنجی دەم دەم
بە دووچاوی وەك دەریای شین
پڕ لە زەردەخەنەی شیرین (٥٧)

لەو کۆپلەیەدا ئەوە دەردەکەوێ کە گۆران زەردەخەنەیەکی جوان و شیرینی لە سیمای هیچ لە ژنەکانی نەبینیوە، بۆیە وا پەرۆشی ئەو جۆرە هەڵوێست و ڕەفتارو دیمەنانەیەو بەردەوام باسیان دەکات.

بۆ کڵۆڵیم ڕەنجە رۆیم بەدبەختیم
تائێستاکە هەر نازدارێ من ناسیم
بە رواڵەت چەن پەرشنگدارو شیك بوو
پێچەوانەی ئەوە دڵی تاریك بوو
کۆشی گەرم و دەروونی ساردو سڕ بوو
زمانی نەرم و نیهادی ئێجگار در بوو (٥٨)

گۆران لە شیعرەکانیدا کە بۆ ئافرەتی نووسیوە، توخنی خۆشەویستی عوزری ناکەوێ، بەڵکو بەشێوەیەکی واقیعی دەری دەخا کە خۆشەویستی میسالی ئەو ساتە سەرهەڵدەدا کە یەکێك لە لایەنەکان تووشی بێ هومێدی دەبێ و هیچی دەستگیر نابێ و بە ناچاری بووکی خەیاڵ دەڕازێنێتەوە (٥٩ ) گەڕانی گۆران بەدووای جوانیدا گەڕانی ڕۆحی تینوو نەسرەوتی گۆرانە بەدوای سۆزی لەکیس چوو و حەزی سێکسی بۆ دایکی لە لاشعوریدا، هەربۆیەش ڕەهەندی سێکسی لە شیعرەکانیدا کە بۆ سروشتی نووسیووە ڕەنگی داوەتەوە، لەم جیهانە شیعرییەشیدا گۆران لەنێوان رواڵەتی جوانی ژن و دیاردەکانی سروشتدا دەیاندۆزێتەوە، لە بناغەدا سروشتی کردنی پەیوەندی ئینسانی نێوان ژن و پیاوە یان بەمانایەکی تر ئینسانی کردنی پەیوەندییەکانی سروشتە: واتە گۆران خۆی ئەو سیفەتانە وەك سیفەتی بزەو پێکەنین، گەشی و ئاڵی کولم گۆی مەمك و لێوو ڕەشی چاو برژانگ و برۆ قژی خاوی و بەرزی باڵاو تیشکی نێو نیگاو...، دەداتە پاڵ سروشت و ئەستێرەو گوڵی کێوی و دیاردەکانی سروشت.

گۆران هەست بەوە دەکا جوانی ئافرەت کانگەی هەموو جوانیەکی تەبیعەتە، و بە ئیلهامی جوانی ئافرەت هەست بەوە دەکرێ کە لە تەبیعەتا جوانی هەیە (٦٠) . بەم پێیە هەموو جوانییەکانی سروشتو گەردوون لە جیهانی جوانی ئافرەتدا کۆدەکاتەوە دەیکاتە کانگەی هەموو جوانییەکانی گەردوون. ((کاتێك ترپەی پێی ئافرەتێکی بالآبەرز دێ، لە ئاستی ئەم هەنگاوە کچانییەدا گۆران هەموو گیانلەبەرەکانی دیکە فەرامۆش دەکاو تەنها ئاوازی دەنگی پێی کچەکەیە جێی خۆی لە دڵیا دەکاتەوە))(٦١ )

ئەوەندە جوان، لەوە جوانتر
لە شنەی بای شەو رەوانتر
لە لەرەی پرشنگ ئاوازە
لە خوڕەی ئاو، شیعری تازە
بە ئاهەنگتر، بە خورۆشتر
بە گوێچکەی دڵ، دەنگی خۆشتر
پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا
جوانێ لە بەژنێکی بەرزا (٦١)

((کەواتە پەیوەندییە ئینسانییەکە بە ئافرەتەوە پەیوەندی دڵە، گوێچکەی دڵە کە ئاوازی دەنگی پێی ئافرەت لە گشت دەنگو ئاوازێکی دیکەی سروشت خۆشتر دەبیسێ و دڵداریشە کە خۆشییەك بە مرۆڤ دەدا، لە هیچ جوانییەکی دیکەی سروشتدا دەستگیر نابێ)) (٦٢) ، دڵداری لای گۆران بەیەکگەیشتنی ژنو پیاوە بە چێژی سێکسی واتە حەزو غرامیات نەك خۆشەویستی. گومانی نییە حەزێکی بێ سنور، حەزی جینسی بە ئاشکرایی لە وەسفەکانی گۆراندا بەدی دەکەین. تەنانەت لە هەندێ هۆنراوەیدا کە تاقیکردنەوەی دڵداری خۆی نیشان دەدەن. ئەم لایەنە بەڕوونی بەدەردەکەوێ. لە شیعری (خۆزگەم بە پار)دا دەڵێ:

هەر رۆژە عیشوەیەك، نازێ
هەر خەڵوەتە چەشنە رازێ
لەو توانج، لە من نیازێ
بۆ ماچێ، نوقوڕچێ گازێ
بەچاو بینینی، دڵخوازێ
بڵێن بە یار بڵێن بە یار، یاری نازدار
سەد هەزار جار، خۆزگەم بە پار (٦٣)

حەزی ئیرۆسی لە شیعری (ئاواتی دووری، لە درزی پەچەوە، بۆ خانمێك، هەڵبەستی پەشیمانی، بۆ گەورە کچێك، جوانی بێناو، بۆ کچێکی بێگانە، شەوێك لە عەبدوڵڵا، هەرچەن، سێبەری هیوا، جیلوەی شانۆ، ئەنجامی یاران...)دا لە وەسفی زۆر تۆخ و خەستی لەشو لاری کچ و ژنو ئەندامە سەرنج راکێشو وروژێنەرەکانیدا خۆی دەردەخا. سەیرکردنی جوانی ئافرەت وەك بابەتێکی رۆمانسی سەربەخۆ وای لە گۆران کردووە کە لەم هۆنراوانەدا بیر لە بوونی کۆمەڵایەتیو تەنانەت هەندێ جار، بوونی ئینسانی ئافرەت وەکو مرۆڤێکی خاوەن هەستو سۆزو عاتیفە، نەکاتەوە.. لە شیعری (شەوێك لە عەبدوڵڵا)دا گۆران زۆر بە ئاساییەوە، تەنانەت بە خۆشیەکی زۆرەوە، وەسفێکی رەنگاوڕەنگی ئەو ئافرەتانە دەکا، کە یەك یەك، یان دوان دوان بەسەر مێزی دەوڵەمەندەکاندا دابەشبوونو جوانی لەشی خۆیان پێشکەش دەکەن. لەم دەقەدا

پێناچێ گۆران بیر لە هەستو سۆزی ئەو ئافرەتانە بکاتەوە، هەربۆیە لێرەدا گومانمان لەوەدا نییە ((کە جنس بەشێکی جەوهەری لە هەڵوێستی گۆران بەرامبەر ئافرەت پێکهێناوە.. هەروەك گوتمان گۆران تەنها لەوکاتانەدا پەنا دەباتە بەر خەیاڵو خۆشەویستی مەعنەوی کە چارەو دەسەڵاتی ژووانی ڕاستەوخۆی نامێنێ) (٦٤)

بەم پێیە دەردەکەوێ گۆران وەکو زۆرێك لە داهێنەرانی جیهانی، بەپێی شیکاری دەروونی، سەرەڕای بەهرەمەندی توانای شیعریو زۆری خوێندنەوەو گەڕانو خۆماندوکردن، ئەو لەژێر کاریگەری پاڵنەری سێکسیدا بووە بەو شاعیرە بەناوبانگەی کە نەك هەر ناوبانگی لە کوردستانو عێراقدا پەیداکرد بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیشدا ناوبانگی دەرکردو ناسرا (٦٥)

هاوچەرخەکانی گۆرانو کەسوکارەکەی هاوڕان لەسەر ئەوەی کە گۆران لە ڕواڵەتدا کەسێکی شەرمن بووە، بەتایبەتی لە هەڵسوکەوتی و قسەکردنی لەگەڵ ئافرەتاندا. گۆران خۆیشی دەڵێ:

منی شەرمن لەبەر موسلمانی

چووم و خۆم خستە گۆشەیەك پەنهان

بەڵام کێ دیوی ناوەوەی گۆرانی خوێندۆتەوە بەتایبەتی لە پەرۆشی بۆ تێرکردنی حەزە سێکسیەکانی. دەکرێ ئەم لایەنە لەو دەقانەی کە وێنەی ئیرۆتیکیو لایەنی سێکسی دەخەنە ڕوو زیاتر ئاشکرا بێت. بەجۆرێك لەبەر پەرۆشی بۆ ئافرەت ماف بە خۆی دەدات کە پەردەی شەرم و حەیا بدڕێو حەزەکانی خۆزگەی دڵ بهێنێتە دی.

دەروونناسی جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکاتەوە کە تێرنەکردنی هەر غەریزەیەك لە ژیانی تاکدا یان نەگەیشتن بە ئاواتو خولیاکانی دەبێتە پاڵنەرێکی بەهێزو لە ئاکامیشدا کاریگەری لەسەر ئایندەی کەسێتیو ڕەفتاری ئەو کەسە دەبێ، سەرکوت کردنی خواستەکانی مرۆڤ لە هەردوو قۆناغی منداڵیو هەرزەکاریدا گومانی تێدا نییە لە دوارۆژدا ڕەنگدانەوەی لەسەر کەسێتیەکەی دەبێ. شاعیر بە شێوازێکی ئەدەبی لە جیهانە شیعرییەکەیدا خواستە کپکراوەکانیو گرێ دەروونییەکانی دەردەبڕێ. نەهێنانەدی خواستو ئامانجو خەونەکانی شاعیر لە رابردوو و ئێستادا کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەو ڕەفتاری شاعیر دەبێ. بۆیە رابردوو بە خۆشیو ناخۆشیەکانییەوە لە داهاتووی شاعیردا ڕەنگدانەوەی دەبێ. هەروەك لە شێوەی باسکردنیانو ئاماژەدان پێیان لەنێو هەندێ لە دەقەکانی (خۆزگەم بە پار، بۆ گەورە کچێك)دا ڕەنگی داوەتەوە.

ئەو وێنە ئیرۆتیکیانە کە ئاماژەی نەستین لە بێ ئاگای شاعیرەوە دێنەوە سەر ئاستی هەست. بەم پێیە شاعیر کە وێنەی ئیرۆتیکی هەمەجۆر لە دەقەکانیدا دەخاتەڕوو یاخود ڕەنگ دەداتەوە ئاماژەی نەستین بۆ ئەو حەزە سێکسیەی لە ناخیدا کپی دەکاتەوە. بە میکانیزمی بەرگری دەروونی لە شیعردا دێنەوە ئاستی هەستی کە هەندێ جار بە ڕەمزو زۆرجاریش بێ ڕەمز گوزارشتیان لێ دەکات.

### بەشی دووەم: دیاردەی نێرگسیەت لای گۆران

گومانی تێدا نییە کە لای (گۆران)یش، بنەما دەروونییەکانو خودییەکان ڕۆڵیان لە بنیاتی بابەتی دەقە شیعرییەکانیدا هەبووە ، بەتایبەتیش ئەو دەقانەی کە خودو تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی (من)یان بەرجەستە کردوە  کە بۆ خۆشیان ئاماژەن بۆ نێرگسیەتی گۆران. جەختکردنەوەو شانازی کردن بە (من)ی شاعیر لای گۆران زۆر گەورە نەکراوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا جێگای خۆیەتی ئاماژە بەو ڕاستییە بدەین کە

گۆران وەكو شاعیرێكی رۆمانسی لە پانتایی جیهانە شیعرییەكەیدا بەشێوەیەكی چڕوپڕو بەربڵاو جەخت دەكاتەوە سەر خود، هەربۆیە بایەخدانی گۆران بە خود لە شیعرەكانیدا جێی سەرنج و تێڕامانە چونكە ئەم لایەنە لە شیعرییەكانیدا تیشك دەخەنە سەر نەرگسیەتی گۆران.

پابەندبوونی گۆران بە خودی خۆیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەستە بەهێزەی لە ئاكامی هەتیوبوون و بێبەشبوون لە سۆزو خۆشەویستی لای دروست بوو بوو، كەواتە پڕكردنەوەی ئەو كەموكورتیانەو نێرگسیەتەكەی بۆ سەلماندنی خودە كە لە تێكشكانی دەروونی دەیپارێزێ.

((نێرگسیەت لە هەندێ وێنەیدا لە دێوانەیی نزیك دەبێتەوە، چونكە نێرگسیەت كە لە تێركردنی دەقی شیعریدا بە زەقی (من) (خۆم) و (ئەوە منم كە) زیادەڕۆیی دەكا، لە حاڵەتی دێوانەیی نزیك دەبێتەوە ئەوەی كە عەقڵی تووش بووە بە پەتای مەزنكردنی ئەو ئەندێشەیەی كە ئەو وشانە بەشێكن لەو هۆكارانەی گوزارشتی لێ دەكەن. بەڵام نێرگسیەت شتێكەو دێوانەیش شتێكی ترە. شاعیر لەو خەسڵەتە بەدەر نییە لە شیعردا بۆ ئاوێنەیەك دەگەڕێ وێنەی خۆی تیا بدۆزێتەوە، چونكە تینووی ئەوەیە خودی خۆی لەوانی تردا بخوێنێتەوە، ئارەزووی ئەوە دەكا ئەوانیش پیاهەڵدانی بۆ بكەن، شاعیر لەو هەوڵەو چرپانە دەگا كە بە دەوروبەری خۆیەوە ڕوودەدەن، ئەگەرچی وەك ئەوەی نەخوێندبێتەوەو نە گوێشی لێ بووبێ بۆیە دڵتەنگە بۆ ئەو راستییە)) (٦٦)

ئەم چەمكە بە روونی لای شاعیر ڕەنگی داوەتەوە، بەتایبەتی لای ئەو شاعیرانەی كە زیاد لە پێویست بەلای خودی خۆیاندا دایانشكاندووە. هەربۆیە سێبەری نێرگسیەت بە رادەیەكی زۆر بەسەر ئەو جۆرە شاعیرانەدا زاڵە كەواتە هەموو شاعیرێك نێرگسییە، لەزەت لە خۆشویستنی خودی خۆی دەبینێ ئاستی ئەم خۆشویستنەی خود پلەكەی لە شاعیرێكەوە بۆ شاعیرێكی تر دەگۆڕێ. ئەم جۆرە لە خەسڵەتی كەسێتی شاعیر پەیوەندی بە كەسێتی و خودی خۆیەوە نییە، بەڵكو پەیوەستە بە هونەرەكەیەوە، واتە خۆش ویستنی خودی خۆی وەك كەس نییە، بەڵكو وەك شاعیر، كەواتە نێرگسیەتی شاعیر بە شیعرەكانییەوە پەیوەستە نەك بە كەسێتییەكەیەوە. ئەم خەسڵەتە لە سنوری مەعقولدا پەسەندەو سیمایەكی دیاری كەسێتی داهێنەرە .

ئا لێرەدا ئەوە دەردەكەوێ كە وەك باسكراوە گۆران وەك مرۆڤ كەسێكی نێرگسی نەبووە، بەڵام وەكو شاعیر نێرگسی بووە ئەوەش لە شیعرەكانیدا ڕەنگی داوەتەوە كە بۆخۆی دەق بەرهەمی نەستە.

بەم پێیە گۆران بەبێ ئەوەی بەخۆی بزانێ لە نەستێوە ئەم رەفتارە دەردەبڕێ و ئاماژەی پێ دەكات. دەربڕینی ئەو خواستە دەروونییە بەبێ ئەوەی خۆی حەزبكات بەوجۆرە دەگەڕێتەوە بۆ نائارامی دەروونی و دۆخێكی سایكۆلۆژی كە وەكو پاڵنەرێكی دەروونی پاڵی پێوە دەنێ كە ئەو رەفتارە بكات. لێرەوە ئەو راستییە دەردەكەوێ كە گۆران لەسەر ئاستی هەستیدا حەز ناكات ئەم خەسڵەتە دەروونیەی دەربخاو ئاشكرابێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیتوانیوە ئەم لایەنە لە پانتایی جیهانە شیعرییەكەیدا بشارێتەوە. ئەم خەسڵەتە دەروونیە لە كەسێتیدا بەشێوەیەكی گشتی لای كۆمەڵگە پەسەند نییە. چونكە باسكردنی بە ئاشكرا زیان بە كەسێتی دەگەیەنێ، لەم لایەنەشەوە (منی باڵا) رۆڵێكی بنچینەیی دەگێڕێ لە ڕێگری كردنیدا كە ئەم خواستە دەروونییە بە ئاشكرا خۆی دەربڕێ یاخود گوزارشت لە خۆی بكات. بۆیە (من)ی شاعیر لە ڕێگەی وێنەو بابەتی ترەوە ئەم خواستە دەروونیە ئاشكرا دەكات كە ئاماژەو دەلالەتەكانی دەگەڕێتەوە بۆ بەرجەستەكردنی ئەم خەسڵەتە دەروونییە.

(كاتێك بڕیار لەسەر نێرگسیەتی شاعیر دەدەین، بڕیارەكەمان لەسەر دوو ئاستە: ئاستی رەفتاری

کەسێتیەکەی کە لە بەدواداچوونی خوێندنەوەی ژیاننامەی کەسایەتیەکەوە بەدەست دەهێنرێ. ئاستی دووەم: ئاستی نێرگسیەتی ئاشکراو دیارە لەمیانەی خوێندنەوەو راڤەکردنی دەقە شیعرییەکانییەوە. لێرەدا شیعر ڕۆڵێکی کارای دەبێ لە بەدیارخستنی و ناساندنی نێرگسیەتی شاعیر ) (٦٧ ) لەسەر ئاستی یەکەم ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە گۆران هەستی بە سەرکەوتنی خۆی دەکرد لەچاو دەوروبەرەکەیدا، کە تیایدا هەستی بە کەمی کۆمەڵایەتی خۆی دەکرد. نێرگسیەت بوو بە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەمی کۆمەڵایەتییەو هەست کردنە بە ستەم و پەراوێزخستنە لەلایەکو لەلایەکی تریشەوە قەرەبووکردنەوەی ئەو هەستی لەخۆ رازیبوونەی کە لە ئەنجامی سەرکەوتنی لەچاو دەوروبەرەکەیەوە بەدەستی هێنابوو، بەتایبەتی لەدوای بینینی پیرەمێردی شاعیرو پێدانی فێزەی چوونە نێو جیهانی هونەری شیعرەوە. بەم پێیە خودی گۆران ئاوێتەی خودی خۆی بوو، واتە خود باوەشی بۆ ئەو خودە کردەوە کە واقیع حەزەکانی ڕەت دەکردەوە. لەسەر ئاستی دووەم لەڕوانگەی ڕێبازی دەروونییەوەو پشت بەستن بە بنیاتی دەقو راڤەکردنی ئاماژەو دەلالەتەکانی نێو جیهانە شیعرییەکەی بڕیار لەسەر نێرگسیەتی گۆران دەدەین. کە لە کۆمەڵێك دەقیدا ڕەنگی داوەتەوە لەوانە (بۆ بولبول، دەروێش عەبدوڵڵا، جواب بۆ جەناب، بۆ گەورەیەکی شیعردۆست، دواسەرنج، لە بەندیخانە، دەربەدەر...) گۆران دەڵێ (ئەو گیانە پیرۆزانەی لەپێناوی هونەری جوانا فرمێسكو ئارەقی زۆریان رشتووە) دیارە مەبەستی لەو گیانانەش (سالمو گەورەیەکی شیعردۆستو شێخ نوریو دەروێش عەبدوڵڵاو خۆی)یەتی چونکە لە هەڵبەستی دەروونیدا جەخت دەکاتەوە سەر خودی خۆی دیارە شانازی کردنی شاعیر بە هونەرو بەهرەکەیەوە خواستێکی دەروونییە.

وەك دیارە لەو وتەیەی گۆرانەوە ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێ کەبە ناراستەوخۆ بەرەو ئاشکراکردنی نێرگسیەتی خۆی دەچێ، چونکە سەرجەمی ناوەرۆکی ئەو دەقانەی کە پێشتر ناومان هێنان، جگەلە جەخت کردنەوە لەسەر خود، هەست بە جۆرێك لە نێرگسیەتی گۆران دەکرێ. خۆیو ئەو کەسانەش بەکەسانێکی بەهرەمەندو تێکۆشەری بواری هونەر بەگشتیو شیعر بەتایبەتی دایناون، فرمێسكو ئارەقی زۆریان ڕشتووە، شایانی ڕێزو تێڕوانینو پاداشتن لەلایەن گەلەوە. شانازی کردن بە (من)ی شاعیرەوە لای گۆران ڕەهەندێکی دەروونی قووڵی هەیە، ئاماژەکانی راستەوخۆ بۆ دەرخستنی تواناو بەهرەمەندی خۆی دەردەخاتو بەڵام ئەو هێشتا مافی خۆی پێ نەدراوەو پەراوێزخراوە. هەروەکو لە شیعری (دەروێش عەبدوڵڵا)دا باسکراوە. واتە نێرگسیەتی گۆران وەڵام دانەوەیەکی دروستە بۆ ئەو پێشێل کردنەی مافی هونەریو بەهرەمەندی گۆران کە لە بری بایەخدانو شانازی کردن بە کەسێتیو بەرهەمە شیعرییەکانی کەچی پەراوێزخراوەو بایەخی پێ نادەن. لەو دەقەدا هەموو ئەو خەسڵەتو سیفەتانەی لەخۆیدا هەیە بەهۆی دانەپاڵ دەروێشەوە دەریاندەبڕێ، دیارە ئەو سیفەتانەش ئاماژەن بۆ لایەنی بەرزراگرتنی خودێتی خۆیو بایەخدان بە هونەرمەندی خۆی، چونکە هەر لەو دەقانەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە ئەو گیانێکە لەو گیانە پیرۆزانەی لەپێناوی هونەردا فرمێسكو ئارەقی زۆری ڕشتووە، کەچی پەراویز خراوەو ڕێزی لێ نەگیراوە وەکو ئەوەی کەسانی هونەرمەند لەناو گەلانی پێشکەوتوودا ڕێزی لێ دەگیرێ. لەم دێڕەدا نێرگسیەتی گۆران ئاشکرا دەبێ کە دەڵێ:

بەڵام چی بکەین لەناو چاوی ڕەشی بەعزێ زەکای گەورە

وەکو تۆوی گوڵی دەم با لەسەر بەردێکی ڕەق ئەڕوێن،(٦٨ )

هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێ دا گۆران لێرەدا باس لە خۆی دەکاتو شانازی بەوەوە دەکات کە ئەو

کەسێکی زیرەکەو باڵادەستە، ئەم حاڵەتەشی لە دەربڕینی (بەعزێ زەکای گەورە) بەرجەستە کردووە.
ئەم شانازی کردنو وەسف کردنەی خود لەم دێڕەدا زیاتر ئاشکرا دەبێ کە دەڵێ:
نە حەرفی مەکتەبێکت خوێند، نە ئوستادێ پەلی گرتیت
سیرف بەرزی زەکا ئەم سنعەتەی فێرکرد بە شمشاڵت (٦٩)
لەو دێڕەشدا دەربڕینی (سیرف بەرزی زەکا) ئاماژەیە بۆ دەرخستنی نێرگسیەتی خۆی کە ئەوە کەسێکی زیرەکەو بلیمەتە بەبێ ئەوەی هیچ مامۆستایەکیش فێری سنعەتی شیعری کردبێ کە دەڵێ (ئەم سنعەتەی فێرکرد) مەبەستی هونەری شیعرنووسینە بەهۆی زیرەکیو بەهرەمەندی خۆیەوە بەدەستی هێناوە. بەمەش قەرەبووی گرێی هەست کردن بە کەمی دەکاتەوە کە ئەو کەسێکی جیاوازەو خاوەن بەهرەو سەلیقەی هونەری شیعرییە کە ئەمەش بەرجەستەکردنی ئەو خواستە دەروونییەیە کە لای گۆران دەبێتە موتیڤی داهێنانی شیعری. هەستکردن بە کەمی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر پەراوێزخستنی لەلایەن بەگزادەکانی جافو دەوروبەرەکەیەوەو هەروەها سەرکەوتنی بەسەر شاعیرە هاوچەرخەکانیدا وەك دوو هۆکاری بنەڕەتی ڕۆڵی کاریگەریان هەیە بەسەر گۆرانەوە کە ڕەفتارێکی شیعری وەها بنوێنێ کە نێرگسیەتی خۆی پیشان بدات. هەر لەو دەقەدا دەڵێ:
لە بیتهۆڤن گەلێ زیاتر بە ڕۆحم ئاشنای وەڵڵا (٧٠ )
گۆران شمشاڵەکەی دەروێش عەبدوڵلای لاپەسەندو خۆشترە لە مۆسیقای جیهانیو بەتایبەتیش بیتهۆڤن، لەم ڕوانگەیەوە بەوجۆرە گۆران شیعرەکانی خۆی بەلاوە دڵگیرترە لە شیعری گەورە شاعیرانی جیهانی. ئەمەش جۆرێکە لە خۆگەورەگرتنو شکۆمەندی کە سەرچاوەکەشی هونەرە شیعرییەکەیەتی نەك گۆران خۆی، دەڵێ:
مەلێ بووم لە باخچەی هونەرا بێ جووت
بۆ جوانیم ڕێك ئەخست شیعری دڵداری! (٧١ )
لێرەدا (م) وەکو جێناوی لکاو بۆ کەسی یەکەمی تاك لەبری گۆران بەکارهاتووە، بۆخۆی جەخت کردنەوەیە لەسەر (من)ی شاعیر کە ئاماژەیە بۆ نەرگسیەتی گۆران. کە بە بەکارهێنانی وشەی (بێ جووت) زیاتر ئاشکراترو ڕوونتر دەبێتەوە، چونکە گۆران لەو دێڕەدا ئاماژە بەوە دەکات کە وەکو شاعیر لەنێو شاعیرانی سەردەمەکەی خۆیدا تاکەو کەسێك نییە بگات بە ئاستو توانای ئەو. واتە لە هونەری شیعروتندا کەسێك نییە بگاتە ئەو، هەر خۆی بێ هاوتایەو کەس ناتوانێ شان لە شانی بدات لێرەدا شانازی بەخۆیەوە دەکات کەسێکی تر نییە لە وێنەی ئەو کە هاوتای ببێتەوە، ئەم وەسف کردنەی خودی خۆی و بەرزکردنەوەی خۆیو شانازی کردن بە بەهرەو هونەرە شیعرییەکەیەوە ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەکات کە گۆران نەیتوانیوە نێرگسیەتی خۆی بشارێتەوە، هەروەك لەهەندێ لە شیعرەکانیدا بێ پەردەو لەژێر پەردەوە شانازی بە شاعیرێتی خۆیەوە دەکات.
گۆران لە شیعرەکانیدا کە نێرگسیەتی خۆی دەردەخات کارێکی ئاسایی ئەنجام داوە. هەرچەندە لەسەر ئاستی نەست ئەو خواستە دەروونییە دەردەبڕێ بەڵام ئەم مەیلەی بۆ نێرگسیەت وەکو خواستێکی دەروونی پاڵی پێوەدەنێ کە ئەو نێرگسیەتەی لای هەموو شاعیرێك هەیە گوزارشتی لێ بکات:
ئەی تیژگی ڕۆژ! ئەو وڵاتەی کۆمەڵی پاکە
ئەندامێکی وەك منی تیا ئازادو چاکە
ئەندامێکی وەك منی بۆ شیعرو ئەدەب زاو

تیا نابێتە پارە دزی برسی و ناتەواو! (٧٢ )

دەقی شیعری (لە بەندیخانە) یەکێکە لە دەقە هەرە دیارو بەناوبانگەکانی شیعری گۆران، کە لە بەندیخانە نووسراوە دەربڕینە لە دۆخێکی دەروونی زۆر خراپ کە بەهۆی تاوانبارکردنی بە ئیختلاس تووشی هاتبوو. لێرەدا گۆران شانازی بەوەوە دەکات کە ئەو وەکو شاعیرێك هەر لە ئەزەلەوە بۆ شیعرو ئەدەب لەدایك بووە، لە وێنەی یەکەمدا دەڵێ (منی تیا ئازادو چاکە) دیارە سیفەتی چاکە بۆ خودی شاعیر ئاماژەیە بۆ لایەنی لەخۆ رازیبوون لە کەسێتی خۆی وەکو مرۆڤ کە ئەو مرۆڤێکی چاکەو خاوەن خەسڵەتی باشەو رێكوپێکییە. دیارە لێرەدا تەواو لە خۆی دڵنیایە کە بەهیچ شێوەیەك خراپە لەو ناوەشێتەوە. بەڵام لە وێنەی دووەمدا وەسفی خۆی دەکات وەکو شاعیرو لە دەربڕینی (منی بۆ شیعرو ئەدەب زاو) ئەو حاڵەتە بەرجەستە دەبێ کە گۆران هەر لە بنەڕەتەوە بۆ شیعر لەدایك بووە، شاعیرانیش لەناو کۆمەڵگا بەگشتی رێزێکی تایبەتیان هەیە، ئەم وەبیرهێنانەوەی گۆران بەو ئاستەو پایەی کە دەیداتە پاڵ خۆی کە ئەو کەسێکە بۆ هونەر خولقاوە بەمەش دەیەوێ تۆمەتبارکردنی بەو تاوانەی دراوەتە پاڵی خۆی بپەڕێنێتەوە، بەم رەفتارەشی کە ئەو کەسێکە جێگای شانازییە خۆی لە کەسانی تر جیادەکاتەوە.

ئەو کۆمەڵەی خوا پێداوە، خاوەن بەهرەی فەن

بۆ پیانازین بەخێو ئەکا، نەك ریسوایی و پەن

بولبولێ بووم ئامادەبووم هەتا بمێنم

بە نانی وشك، بەرگی پەلاس، بۆ گەل بخوێنم! (٧٣)

لەو دەربڕینەشدا (بۆ پیانازین) دیسانەوە ئاماژەیە بۆ دەرخستنی نێرگسیەتی شاعیر کە ئەو لە بنەڕەتەوە خاوەن بەهرەو هونەرە، کە لای کۆمەڵی پێشکەوتوو بایەخ بەو جۆرە کەسانە دەدرێ و شانازی پێوەدەکەن و رێزی لێ دەگرن و پێوەی دەنازن. بەڵام گۆران بەپێچەوانەوە هەست بە فەرامۆش کردن و ریسوایی دەکات بەهۆی بەندکردنەکەی کە بە شەرم کەوتبووە، دەیەوێ بڵێ من بۆ شیعرو ئەدەب لەدایك بووم و خاوەن بەهرەو زیرەکی و هونەری شیعریم، پێویستە کۆمەڵەکەم شانازیم پێوە بکەن، چونکە شاعیران پایەیەکی بڵندیان هەیەو خاوەن هەست و سۆزو بەهرەو هونەرین نابێ فەرامۆش بکرێن.

زۆرجاریش لەژێر پەردەوە نێرگسیەتی خۆی دەردەبڕێ هەروەك لە دەقی (بۆ سالم) دەڵێ:

لە دائیرەی سەلەفا ئەی قەریحە روون و ڕەوان

کەسم نەدی کە وەکو تۆ خوڕەی بێ ئاهەنگی

لە ئاسمانی فەخردا شیعر بوو باڵێکت

ئەوی ترت بە تەبیعەت شعووری میللی بوو (٧٤)

بنەمایەکی سایکۆلۆژی گرنگ لێرەدا بەهۆی باسکردنی سالمەوە دەربڕاوە کە بۆخۆی پەیوەندی بە لایەنی دەروونی گۆرانەوە هەیە کە لە دەربڕینەکانی (ئەی قەریحە ڕوون و ڕەوان) و (کەسم نەدی وەکو تۆ خوڕەی بێ ئاهەنگی) ئەو حاڵەتە بەرجەستە کراوە کە مەبەست لە خودی گۆرانەو دەرخستنی نێرگسیەتییەکەیەتی، دیارە شیعرەکانی گۆران سەرچاوەکانیان قەریحەو قورگێکی ڕوون و ڕەوانە، کە هیچ کەسێکی تر لە شێوەو وێنەو رەنگی ئەو دەنگە شیعرییەیدا نییە، ئەو سیفەتانە ئاماژەن بۆ شانازی کردن بە بەهرەو شیعرەکانییەوە کە روون و ئاشکران دیارە ئەم خەسڵەتە بۆ هونەری شیعری گۆران خەسڵەتێکی دیارو گرنگی لایەنی بنیاتی دەقە شیعرییەکانێتی. لە (دەربڕینی کەسم نەدی وەکو تۆ خوڕەی بێ ئاهەنگی) دیسانەوە جەخت کردنە لەسەر بەرزی و بڵندی پایەی شیعری خۆی کە هیچ کەسێك ناگات

پـێ، چونکە بەرهەمـە شیعرییەکانی بەڵگـەی ئـەو راستیەن کـە زۆرتـرین دەقـی بـە سـۆزو روون و رەوانـی پێشکەش کردووە.

گۆران باس لە دوو خەسڵەتی گرنگی خۆی دەکات یەکەمیان لایەنی شیعرییەکە بووە بە بابەتێکی گرنگ و هەمیشە فـەخری پێـوە دەکات، چونکە نووسینی شیعر کارێکی ئاسان نییـەو هەرکەسـێ ئـەم بەهرەیـەی تێدابێ مـافی خۆیـەتی شـانازی بەخۆیـەوە بکـات. دووەم خەسـڵەت کـە ئامـاژەی پـێ دەکـات (شـعووری میللی)یە کە بۆخۆی لەو سەردەمەدا هەستی میللی و کوردایەتی خەسڵەتێکی دیارو گرنگی کەسێتی بووە بۆیەش گۆران لەولایەنەوە ئەوە دەردەخات کە کەسێکی نیشتمان پەروەرەو خاوەن ئەو هەستە میللییەیە کە بۆخۆی ئاماژەیە بۆ کەسێتی نێرگسی گۆران. چونکە نێرگسییەکان زیاد لە سنوری ئاسایی خۆیان گەورە خۆیان پیشان دەدەن.

((کاتـێ شـاعیری نێرگسـی دووردەکەوێتـەوە لـە دەربـڕینی راستـەوخۆی شـیعری و راپـۆرتی لـە پێشـکەش کردنـی خـودی خۆیـدا وەکـو بابـەتێکی شـیعری ڕوو لـە خواسـتنی وێنـەی تـر دەکـا، کـە بەشـێوەیەکی ناراستەوخۆ وەکو ئـەوەی کە باس لـە جوانی سروشت دەکا یاخود بە زمانی باڵندەو دیمـەنی ترسناک و هەژێنـەری سروشـتی لـەو شـتانەوە رۆڵێك بۆخـۆی دیاری دەکا)) (٧٥) . واتـە شـاعیر بـۆ دەربـڕینی نـاخی خـۆی ناهۆشمەندانـە ئەوانـە دەخـوازێ و بـەکاریان دەهێنـێ، چـونکە نەسـت لـەم کاتانـەدا خـودی خـۆی بـۆ خەڵکی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پێشکەش دەکات. لە شیعری بۆ بولبول پەنای بردۆتە بەر ئاوازی دەنگ خۆشی و بەهرەمەندی بولبول بۆیە بە زمانی بولبولەوە ئەو رۆڵەی دەیگێڕێ وەری دەگرێ بۆخۆی، چونکە ئـەم لایەنـە بەشـێوەیەکی تـر گوزارشـت لـە خـۆی دەکـات. ئـەم دۆخـە پەردەپۆشـکراوی بابـەتێکی تـری دەروونییە بەجۆرێك کە (من)ی شاعیر هاوسەنگی لەنێوان (ئەو) و (منی باڵا)دا پێکدەهێنێ:

منیش لە تۆ زیاتر پەسەندکەرو گوێ لێ گر
سەری بۆ کەچ ئەکردم سوجدەی ئەبرد وەك بردم!
منیش دەروونم شادبێ ملم لە بەند ئازاد بێ
دەوروپشتم گوڵزار بێ عومرم یەکسەر بەهار بێ،

تا دەڵێ:

منیش ئەی مەلی پیرۆز بە یەك چریکەی پڕ سۆز
بەستەی وات بۆ ئەخوێنم کە جوان جوان بلەرزێنم
رووی کام گۆم شین و مەنگە کام درەخت شۆخ و شەنگە!
کام شاخ کە سەخت و بەرزە بیخەمە بوومە لەرزە
کام ئاسمان بێ بنە، ناخی پڕکەم لە شنە! (٧٦ )

لە دەربڕینی (منیش لە تۆ زیاتر) کە ئاماژەیە بۆ نێرگسیەتی گۆران و جۆرێك لە زیادەڕۆیی تێدایە، کە خۆی لە گەورەکردنی ئاستی پایەو هونەری شیعرەکانیدا دەردەبڕێ، دیارە شیعرەکانی ئەوەندە بەجۆش و بەسۆزو خرۆشن بۆیە خەڵکی لە دەنگی خۆشی بولبول زیاتر گوێی لێ دەگرن، بولبول لە دڵخۆشی و شادی خۆیەوە بێ فرمێسك رشتن ئەو ئاوازو نەغمە خۆش و بەسۆزەمان پێشکەش دەکا. کەچی گۆران لـە دڵێکی تەنگ و پەستەوە بە فرمێسکەوە ئەو شیعرە جوان و پڕ جۆش و خرۆشەمان پێشکەش دەکات. کە بەهۆی بەرزی پێگەی هونەریانەوە خەڵکی ملیان بۆ کەچ دەکرد واتە کرنۆشیان بۆ خۆی نا بەڵکو بۆ شیعرەکانی دەبرد. یاخود کە دەڵێ (بەستەی وات بۆ ئەخوێنم جوان جوان بلەرزێنم) ئەم دەربڕینە ئاماژەیە بۆ بەهێزی و

جوانی لە رادەبەدەری شیعرەکانی، کە هیچ جوانێك خۆی لەبەردەمیدا ناگرێ‌و لە ئاستیاندا دەستەوەستان دەبن. لە دەربڕینەکانی (کام گۆم شینە، کام درەخت شۆخ‌و شەنگەو کام شاخ بەرزەو کام ئاسمان بێ بنە) نەرگسیەتی گۆران دەگاتە لوتکە. چونکە شاعیر ئەوەندە شانازی بە شیعری خۆیەوە دەکات کە لە جوانی‌و بەهێزی پڕ لە جۆش‌و خرۆشیدا هیچ شتێك نەتوانێ لەبەرامبەریدا رابوەستێ. بەمەش جۆرێك لە شکۆمەندی بەخۆی دەبەخشێ، هەروەك بەهۆی دیمەنی ترسناك‌و هەژێنەر لە سروشتدا کە ئاماژەن بۆ نەرگسیەتی خۆی. هەندێ جاریش گۆران زیادەڕۆیی دەکات لە شانازی کردن بە خۆیەوە کە دەگاتە ئاستی پلەیەکی بالا کە وێنەی خەیاڵی‌و!

فەنتازی بەکارهێناوە، دەڵێ:

یا کام دەریا زۆر قوڵە                بنی بخەمە جووڵە ( ٧٧ )

واتا شیعرەکانی لە توانایاندایە کە (دەریای زۆر قووڵیش بخەنە جووڵە) ئەم دەربڕینە بۆخۆی جەخت کردنەوەیە لەسەر ئەو راستییەی کە گۆران دەیەوێ پێمان بڵێ شیعرەکانی زۆر بەهێزن‌و بەسۆزن کە ئەمەش بۆ خۆی دەگەڕێتەوە کە ئەو وەکو شاعیر خاوەن بەهرەو هونەرێکی وا مەزنە کە دەریا بەو شکۆمەندی‌و گەورەییەوە لە ئاست شیعرەکانیدا خۆی راناگرێ ئەم پیاهەڵدانە بۆ شیعرەکانی هیچ راڤەیەکی تر وەرناگرێ جگەلەوەی کە بڵێین بە راستی گۆران شاعیرێکی نێرگسییە. چونکە کەی مرۆڤ لە توانایدایە بە شیعر ناخی دەریایەکی زۆر قوڵ بخاتە جووڵە، مەگەر هەر تەنیا زریانێکی بەهێز کە لە هەموو لایەکەوە هەڵدەکات بتوانێ بنی دەریا قوڵەکان بخاتە جوڵە، مەگەر بومەلەرزە ئەو حاڵەتە دروست بکات. ئاخۆ دەبێ ئەوە چ هێزێك بێ ئەوەندە بەهێزو ئەوەندە بە تەوژم و بەجۆش بێ بنی دەریا قوڵەکان بهێنێتە لەرزین. هەرچەندە نێرگسیەتی گۆران لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ بەهرە شیعرییەکەی نەك کەسێتییەکەی، چونکە ئەم خۆشویستنەو شانازی کردنە بەخۆیەوە دەگەڕێتەوە بۆ هونەرەکەی.

بەم پێیە نێرگسیەتی گۆران پاك‌و بێگەردو لەخۆوەیە. لە جۆری نێرگسیەتی دابڕاو و خۆبەگەورەو لوت بەرزو لەخۆبایی نییە، کە وێنەی خۆی لە ئاودا ببینێ خۆی لێ بگۆڕێ، نێرگسیەتیەکەی تەندروستە، چونکە شاعیر مافی خۆیەتی لە سنوری پەسەندو معقولدا تواناو زیرەکی خۆیمان پیشان دەدات و شانازی بە شیعرەکانییەوە دەکات (( کەسانیش باس لە اعجازی شیعریی دەکەن‌و سەرسوڕمانی خۆیان لەبارەی وێنەی شیعری‌و بەهرەوە دەردەخەن بەمەش شاعیر ئامانجی خۆی دێنێتەدی کە مامەڵەیەکی نێرگسیانەی خۆی دەردەخا کە لە ناخییەوە دەیخوازێ ))(٧٨) ، هەروەها نێرگسیەتی گۆران بۆ رزگاربوون بووە لە تێکشکاندنی خودو پاراستنی لە ون بوون، و قەرەبووکردنەوەی ئەو هەستکردنەی بە کەمی لە هەموو روویەکەوە . نەرگسیەت سوودو قازانجی زیاتری بە گۆران گەیاندووە، نەك زیان. کەواتە نێرگسیەتەکەی تەندروستە چونکە بەدوای بە سروشتی کردنی دیاردەکاندا دەگەڕێ. هەوڵی ئەوەشی داوە کە هاوسەنگی دەروونی بۆخۆی دەستەبەر بکات لەوکاتانەی کە درز دەکەوێتە نێوان (من)ی گۆران‌و ئەوانی دەوروبەرەکەیەوە.

## ئەنجام

ئەو ئەنجامانەی لێکۆڵینەوەکە گەلاڵەی کردوون ، بریتین لە :

١- حەزەی سێکسی لای (گۆران) ئاکامی کۆمەڵە شکستێکی دەروونی بووە که هەر لە سەردەمی لاوێتی‌یەکەی‌و هەرزەکای‌یەکەیەوە رووبەروویان بووبووەوە

٢- (باڵابوون) یەکێکە لە میکانیزمە دەروونییە بەرگرییەکان کە بە شێوازێکی بەربڵاو (گۆران) ڕووی تێ کردوە

٣ - بایەخدانی (گۆران) بە جوانیەکانی سروشت‌وئافرەت ، ئەو پاڵنەرە دەروونیەی لە پشتەوە بووە کە قەرەبووی سۆزی خۆشەویستی‌و حەزی سێکسی پێ دەکریتەوە

٤ – گەلێ لە وێنە شیعری‌یەکانی (گۆران) هەڵگری حەزی سێکسی بوون‌و بەڵگەی ئەوەن که (گۆران) زۆرجار سنووری شەرم‌و بەربەستەکانی (منی باڵا) دەبەزێنێ

٥ - بنەمایەکی ئەو نێرگسیەتەی کە لە ناو کۆمەڵێ لە دەقەکانیدا جێگای خۆی کردووەتەوە ، پێکهێنراوی بێبەشبوونی بووە لە باوەشی سۆزی خۆشەویستی دایکی‌و ژنەکانیشی .

٦- هەژاری لە ژیانداو دەوڵەمەندی لە ئەدەبدا ، بنەمایەکی تری نێرگسیەتی (گۆران) بوون ، هەروەك چۆن هەوێنی دەقەکانی بوون.

## پەراوێزەکان

* ئەم لێکۆڵینەوەیە باسێکی وەرگیراوە لە نامەیەکی دکتۆرا بە ناونیشانی(دەقە شیعرییەکانی گۆران لە روانگەی دەروونناسییەوە)کە لەلایەن(سامان عیزەدین سەعدوون)ەوە ئامادەکراوە.

١- طلعت منصور والاخرون، اسس علم النفس العام، مكتبة الانجلو المصرية، ١٩٧٨.
، ل١٠

٢- ئەکرەم قەرەداغی، قوتابخانەی دەروون شیکردنەوە لە رەخنەی ئەدەبیدا، نووسەری کورد، ژمارە (٦) خ دووەم، ١٩٨١، ل١٠٢.

٣- ئەکرەم قەرەداخی، قوتابخانەی دەروون شیکردنەوە لە رەخنەی ئەدەبیدا، ل.١٠٤

٤- رێبوار محمد اسماعیل، داهێنانی شیعری نالی لە روانگەی رەخنەی دەروونشیکارییەوە، ل٨٧

٥- ئەکرەم قەرەداخی ، قوتابخانەی دەروون شیکردنەوە لە رەخنەی ئەدەبیدا، ل١٠٦-١٠٧

٦- د .هیمداد حوسێن ،دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی ، ل٤٣٩

٧- د. عبد المنعم الحفنی ، المعجم الموسوعی للتحلیل النفسی ، ل٥٨٧

٨- حسين سرمك www.madarkom.com

٩ - www. google ig/intl

١٠ - http://ejabat.google.com/ejabat

١١ – د.ريكان ابراهيم، نقد الشعر من منظور النفسي، ل١٢٢.

١٢ – د.عزالدين اسماعيل، التفسير النفسي للادب، بيروت، ل.٣٤

١٣- http://ejabat.google.com/ejabat

١٤- عبد علي الجسماني، المدخل الى علم النفس الحديث، مكتبة افاق عربية، بغداد، العراق، ١٩٨٤، ل١٧٥
١٥- عەتا قەرەداغی، گۆران و گەڕان بەدوای یەقیندا، سلێمانی، سەردەم، ١٩٩٩ ، ل١٨
١٦- م.جەعفەر، ریبوار حمە توفیق، گوران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا،بەرگی یەکەم ،چ١ :ل٩٨
١٧- م.جەعفەر، ریبوار حمە توفیق، گوران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا ،ل١٢٨
١٨- د. عبد المنعم الحفنى ، المعجم الموسوعى للتحليل النفسى ، ل٤٦٥
١٩- د. انور عبدالحميد ، علم النفس الادبى :ل٦٣
٢٠- زين الدين المختاري، المدخل الى نظرية النقد النفسي، من منشورات اتحاد الكتاب العرب، ١٩٩٨، ل٩
٢١- د. عبد المنعم الحفنى ، المعجم الموسوعى للتحليل النفسى ، ل١٥٥
٢٢- دیوانی گوران :ل٦٦
٢٣- م.جەعفەر، ریبوار حمە توفیق، گوران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا،بەرگی یەکەم ،چ١ :ل ٤٦
٢٤- دیوانی گۆران، چاپی دووەم،ل١٧٩
٢٥- عەتا قەرەداغی، گۆران و گەڕان بەدوای یەقیندا ،ل١٧
٢٦- د.دڵشاد عەلی، وانەکانی سایکۆلۆژیای ئەدەب، دکتۆرا، ئەدەب، ٢٠٠٩-٢٠١٠.
٢٧- دیوانی گۆران ،چاپی دووەم، لاپەڕەکانی (٩٩، ١٥٦ )
٢٨- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، لاپەڕەکانی (١٦٥، ١٧٣، ٢٠٠، ٢٠٤، ٢٢١،).
٢٩- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، لاپەڕەکانی (٢٢٦ ، ١١٧، ٢٣٠، ٣٢٦)
٣٠- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٨٤
٣١- م.جەعفەر، ڕێبوار حمە توفیق، گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، بەرگی یەکەم، چ١، ل٤٨.
٣٢- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٨٤
٣٣- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٧٨.
٣٤- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٤٦.
٣٥- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل١٠٧.
٣٦ - دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٥٣.
٣٧- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٥٥.
٣٨-ڕەئوف حەسەن، ئەندێشە جوانەکانی رۆح لە شیعری کوردیدا، ٢٠٠٧، ل١١٨.
٣٩- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل١٥٦.
٤٠- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٦٦.
٤١- زانا خەلیل، ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا، هەولێر، ٢٠١٢، ل٢٣.
٤٢- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٤٦.
٤٣- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٥٠.
٤٤- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٦٢.
٤٥- بڕوانە: زانا خەلیل، ئیرۆتیك لە شیعری نالیدا، ل٢٤.
٤٦- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل.٦١
٤٧- دیوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٦٧.

٤٨- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٦٢.

٤٩- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٦٦.

٥٠- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٤٣.

٥١- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٤٥.

٥٢- زانا خەليل، ئيرۆتيك لە شيعری ناليدا، ل٥٧.

٥٣- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٤٦.

٥٤- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٦٩.

٥٥- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٧٧.

٥٦- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل١٠٧.

٥٧- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٧٠.

٥٨- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٦٦.

٥٩- بڕوانە: د.کەمال ميراودەلی، ئافرەت و جوانی لە شيعری گۆراندا، نووسەری کورد، ژمارە (١)، ١٩٧٩ل١١.

٦٠- رەفيق حيلمی، شيعرو ئەدەبياتی کوردی، بەغدا، ل١٦١.

٦١- د.کەمال ميراودەلی، ئافرەت و جوانی لە شيعری گۆراندا، ، ل٢٨ .

٦٢ -ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٤٤.

٦٣- د.کەمال ميراودەلی، ئافرەت و جوانی لە شيعری کورديدا، ل١٠.

٦٤- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل٥٠.

٦٥- بڕوانە گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٨) ١٩٤٨، (٣)ی ١٩٤٥، هەروەها بڕوانە کتێبەکەی ئەدمۆنس (کوردو تورك و عەرەب).

٦٦- د.ريکان ابراهيم، نقد الشعر من منظور النفسي، ل١٢٢.

٦٧- د.ريکان ابراهيم، نقد الشعر من منظور النفسي، ل١٢٣.

٦٨- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل١١٩.

٦٩- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل١١١.

٧٠- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل١١١.

٧١- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل١٦٢.

٧٢- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل١٦٣

٧٣- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل١٧٠.

٧٤- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل١١٠.

٧٥- د. ريکان ابراهيم، نقد الشعر في المنظور النفسي، ل١٢٦.

٧٦- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل١٠٤

٧٧- ديوانی گۆران، چاپی دووەم، ل١٠٤

٧٨- د. ريکان ابراهيم، نقد الشعر في المنظور النفسي، ل١٢٦.

## سەرچاوەکان


کتێب کوردی :

–د.کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانی و هونەر، چاپی دووەم، ٢٠٠٥.

–ڕەفیق حیلمی، شیعرو ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی دووەم، ١٩٥٦، بەغدا

–ڕەئوف حەسەن، ئەندێشە جوانەکانی ڕۆح لە شیعری کوردیدا، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠٠٧

–عەتا قەرەداغی، گۆران و گەڕان بەدوای یەقیندا، سلێمانی، سەردەم، ١٩٩٩.

–مامۆستا جەعفەرو ڕێبوار حەمە توفیق، گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

– م.جەعفەر و ڕێبوار حمە توفیق و عەبدوڵڵا زەنگەنە، گۆران لە یادەوەری هاوچەرخەکانیدا، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، ٢٠١٢، سلێمانی.

– محەمەدی مەلاکەریم، دیوانی گۆران، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٨٠ – -

د.هیمداد حوسین، دەروازەیەك بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، چاپی یەکەم، دەزگای بڵاوکردنەوەی موکریان، هەولێر، ٢٠٠٧.

عەرەبی :

– گلعت منصور والاخرون، اسس علم النفس العام، مکتبه الانجلو المصریه، ١٩٧٨

– د.انور عبدالحمید، علم النفس الادبی، دار النهچه العربیه، لبنان، ٢٠١١.

– د.ریکان ابراهیم، نقد الشعر فی منڤور النفسی، دار الشؤون الپقافیه العامه، بغداد، ١٩٨٩.

– د.عزالدین اسماعیل، النفسیر النفسی للادب، بیروت، ١٩٦٣.

– د.عبدالمنعم الحفنی، المعجم الموسوعی للتحلیل النفسی، مکتبه مدبولی، ١٩٩٥.

– زین الدین المختاری، المدخل الی نڤریه النقد النفسی، من منشورات اتحاد الکتاب العرب، ١٩٩٨

گۆڤار :

–ئەکرەم قەرەداغی، قوتابخانەی دەروون شیکردنەوە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، نووسەری کورد، ژمارە (٦) خ دووەم، ١٩٨١

–کەمال میراودەلی، ئافرەت و جوانی لە شیعری گۆراندا، نووسەری کورد، ژمارە (١)، خولی دووەم، ١٩٧٩

–گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٨) ١٩٤٨، (٣)ی ١٩٤٥

موحازەراتی زانکۆیی:

–د.دڵشاد عەلی، موحازەرەکانی سایکۆلۆژیای ئەدەب – دکتۆرا – ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٠.

نامەی زانکویی

–ڕێبوار محمد اسماعیل، داهێنانی شیعری نالی لە ڕوانگەی ڕەخنەی دەروونشیکارییەوە، ماستەرنامە ، زانکوی سەلاحەدین ، ٢٠١١.

## ملخص البحث

### تحليل النصوص الشعرية ل ( گوران ) من المنظور النفسي

في هذا البحث تطرقنا الى جانبين نفسيين وهي ( الايروتيكية ) و ( النرجسية ) في النصوص الشعرية للشاعر ( گوران ) ، و ذلك من اجل تحديد الاسس النفسية التي ولدت منها النصوص ، لذلك قسمنا البحث الى قسمين : في الفصل الاول تناولنا ( الشهوة الجنسية ) التي نجدها عموما في علم النفس و خصوصا في منهج التحليل النفسي ، و حللنا مجموعة من نصوص ( گوران ) لكي نحدد علميا النطفة التى ولدت منها تلك النصوص.

وفي الفصل الثاني ( نرجسية گوران ) تطرقنا الى النصوص التي نيلت اسسها و نطفة اختباراتها من نفسية ( گوران ) ذاته ، و التي هي في الاساس ثمرة النرجسية التي لم يحرم منها ( گوران ) كفنان .

و في الختام حددنا النتائج التي استطاع بحثنا ان يصل اليها .



## Abstract

### The Analysis of Goran's Poetical Texts from Psychological Perspectives

In the present study, Goran's poetical texts are analyzed from both erotic and narcissus points of view so as to determine those psychological principles that motivate the poet to create his poems. To achieve that, the study falls into two sections.

In the first section, the study covers the concepts of sexual desire as found in psychology in general, and the Psycho-analysis method in particular. A group of Goran's poems are analyzed to know and scientifically determine the seed of their creation which are motivated by sexual desires.

The second section is specified to the study of Goran's narcissus. The attention is directed to those Goran's texts whose bases are inspired by the seeds of his experiences emerged from his psyche. In fact, some of his experiences are stemmed from his narcissus of which the poet was deprived. Finally, the study is ended with some conclusions and results.